تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

مەسەلەی کوردستان
لە نێوان ململانێی تورك و ئینگلیزدا

سەرەتایەك بۆ داگیرکردن

سەلام ناوخۆش

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

مەسەلەی کوردستان
لەنێوان ململانێی تورک و ئینگلیزدا

-سەرەتایەک بۆ داگیرکردن-

سەلام ناوخۆش

مسەلەی کوردستان

لەنێوان ململانێی تورك و ئینگلیزدا

ناوی نووسەر: سەلام ناوخۆش
کـــۆمپیوتەر: هیڤی
ژمارەی سپاردن-٤٠٤-
تـــــــیراژ: (٢٠٠) دانە

پێشەکی

لەبەرایی سەدەی بیستدا، کۆلۆنیالیزم شێوازێکی تری وەرگرت . ئەگەر ماهیەتی مەسەلەکەش هەروەك خۆی مایەوە، ئەسڵی بابەت هەر داگیر کردن و برسی‌کردن وقڕکردن بوو، بەڵام بەرایی چەرخەکە وای دەخواست مەسەلەی دبلۆماسی لە مەسەلەی عەسکەری فەرتربێ. ئیمپریالیزمی رۆژ ئاوا هەر چۆنێ بێ هەرچ بکا دەرهەق گەلانی رۆژهەلاتی دین و کەلتورجیا ئاسایی،بەڵام دروست بوونی رۆحی‌ئیمپریالی لەنێوان گەلانی دراوسێ و هاودین و هاومێژوو مەسەلەیەکە وەستانی دەوێ. جەنگی یەکەمی جیهان بەهەربیانوو و پاساوێبێ،جەنگێکی ئیمپریالی بوو، گەلانی رۆژ هەلات بەگشتی وکورد بەتایبەتی باجەگەورەکەی دا. لەپاش روخانی دەسەلاتی عەلمانی ئیتحادیەکانی عوسمانی، لەنێوان سەرانی کەمالی و ئینگلیز ململانێی هاتە کایەوە. وەنەبێ ململانێیەکە دینی، شارستانی یان فکری بێ. بەلکو خودی ململانێ یەکە لەپێناو رەگ داکوتانی"دەسەلاتێکی نوی" بوو.بەهیچ جۆرێ ململانێ یەکی " قەومیش " لەنێوانیان لەئارا نەبوو، ئەگەر نا ئەدەبوو تورك پشت لەمەسەلەی پان تورکیزم بکەن واز لەزۆر شوێنی تورك نشین لەئاسیاو ئەورووپا بکەن و بەواتا یەکی تر، خودی ململانێ یەکە هاوکاریەکی رۆحی و ماددی هەردوو عەقلیەتی نوێی تورکی وئینگلیزبوو لەپێنا ورەگ داکوتانی ئیمپریالیزم بەحوکمی ئەوەی وڵاتی کورد لەنێوان قەلەمرەوی هەردوو دەسەلاتدابوو، بۆ یەهەردوو لا وەیانکرد کورد باجێکی چارەنوسازبدات: ئەویش وڵاتەکە" بەرەسمی" بەزەبری" شەرعیەتی دەولی" داگیر بکرێتو وا بەشبکری.

ئەم کورتە لێکۆلینەوە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێ:

<u>*بەشی یەکەم:*</u>

تایبەتە بە رێکەوتنامەی سایکس بیکۆو پەیمانی سیڤەر و لۆزان وکاریگەری هەریەکە یان لەسەر رەوشی دۆزی کوردستان ـ وەك وڵاتێك ـ لەناوچەکەدا.[1]

<u>*بەشی دووەم:*</u>

---

١ ئەم بەشە لەئامیلکەی لۆزانی ١٩٢٣ و لۆزانی ١٩٩٠ دەرهێنراوە.

لەمەسەلەی هاتن وستراتیژیەتی میجەرنونیل لەکوردستان دەکولیتەوەو هەول دەدات ئەوە دەربی کەمەبەستی سەرەکی ئینگلیز لەناردنی نونیل بۆکوردستان بۆبەرژەوەندی کورد نەبووە.

بەشی سی یەم:

لە کەسایەتی و ستراتیژی نۆزدەمیر دەکۆلیتەوە، ئەوە دەردەخا نۆزدەمیرخەریکی بە تورکی کردنی باشوری کوردستان بووە.[٢]

لەکۆتایی کورتە نووسینیکمان بلاو کردۆتەوە بەناوی:

(پیش ئەوەی ئینگلیز دەولەتی عیراق دامەزرینی حکومەتیکی کوردی لەسلیمانی دامەزراند) [٣]

هەر بۆئەوەی بسەلمینین کە ئینگلیز چاك دەیزانی باشوری کوردستان بەشیك نیە لە عیراق هەر خۆی بەرەسمی دانی بە دەسەلاتی حکومەتی خواروی کوردستان بە سەرۆکایەتی شیخ محمود ناوە بەلام ئەم حکومەتە بەهۆی سیاسەتی داگیر کەرانەی ئینگلیز و تورك لەلایەك وعەقلیەتی سیاسی کوردی ئەوسا لە لایەکی ترنسکۆی هینا و کورد و کوردستانی باشور مۆرکی" عیراقچیتی" یان پیوە لکیندرا!!

سەلام ناوخۆش

٢٠٠١١٨١١٥

---

[٢] \ بەشی دووەم و سییەم لەژمارە (١١)و(١٢) ی گۆڤاری دەهۆك بلاوبۆتەوە.

[٣] \ ئەم نووسینە لەژمارە (٣١٦٢) ی ٢٣\١٢ \١٨ ٢٠٠٠ رۆژنامەی برایەتی بلاوکراوەتەوە .

لە پەیمانی سایکس بیکۆوە بۆ
کۆنگرەی ئاشتی پاریس

لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی دا کوردستان بەبێ ویستی کورد ببوە جەرگەی پێکدادانی هێزەکانی روسیاو ئینگلیزو عوسمانی ئەم شەڕە ئاکامی ئەو ململانێ قووڵەی دەسەلاتی عەسکەری و جیاوازی شارستانی بوو، رۆژ ئاوا بەهەردوو کامپی شەرقیو غەربی دەیەویست کۆتایی بەبوونی دەوڵەتی عوسمانی بێنێ.

ئینگلیزو فەرەنسا لەم شەڕەدا لەرواڵەتدا هاوستراتیژ بوون دەیانە ویست هەریەکە بەشێکی ئەو دەوڵەتەی بەرکەوێ، بۆ مەیسەر بوونی ئەو پرۆسەیەش لە رێگای مسیۆنێرو گەشتیارەکانیاندا پێشتر خەریکی داگیر کردنێکی فکری و ناوەوەی ئاژاوە بوون، هەرچی رووسیا بوو ئەوا بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم چەندەها جار شەری عەسکەری گەورەی لەدژی عوسمانی‌یەکان سازدا بوو، هەروەها بەحوکمی هاو سنووری بوون لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا ئەوا توانی بووی هەتا پێگەیەکی فکریو دینی و عەسکەری لەسەر سنوورەکان لەنێوگەلانی ناو ئەمپراتۆریەت بەتایبەت ئەرمەن و کورد بۆ خۆی دروست بکات.

بۆ یە ململانی‌ی دینی لەنێوان روسیاو دەوڵەتی عوسمانی تارادەیەك چوارچێوەیەکی ململانێکەی بەخۆوە گرت بوو، هەرچی ئەلمانیا بوو ئەوا هەرچەند لەرواڵەت هاوپەیمانی دەوڵەتی عوسمانی بوو - ئەگەر لەجەنگ سەرکەوت با ئەوا داگیر کردنی هەموو دەوڵەتی عوسمانی یەکێ لە ئارمانجانە ستراتیژیەکانی بوو -- نەوت یەکێ لەو ئارمانجانە

بوو كە ئەلمانیای پەلكێش كردبوو بیر لەدەست بەسەرا گرتنی دەولەتی عوسمانی بكاتەوە.
ئەمەو دەولەتی عوسمانیش لەپاش كودەتای تەموزی ١٩٠٨ بەتەواوی ستراتیری ئیسلامی خۆی لەدەست دابوو، دەولەت هەر بەناو ئیسلامی بوو چونكە گروپی دەسەلاتداری ئیتحادو تەرەقی نەك هەرئیسلامی نەبوون بەلكو گروپێكی ماسۆنی بوون تەواو لەرازەی یەهوودیەتی جیهانی دابوون بۆیە بە ((بەعەلمانی بوونی دەولەتی))و چەوساندنەوەی گەلانی ناو ئەمپراتۆریەت موسلمان یان غەیرە موسلمان كارێگەرێكی زۆر گرنگی هەبوو لەسەر حەتمیەتی بەزینی دەولەت لەبەرامبەر هاو پەیمانەكان، هاوپەیمانە كانیش هەركە گەیشتنە یەقین كە هەرەسی دەولەتی عوسمانی مسۆگەر بووە، ئەوا لەزۆر كەناڵەوە پەیوەندی‌یان بەگەلانی ناو ئەمپراتۆریەت وەك عەرەب و كوردو ئەرمەنی كرد، ئەو بەلێنانەش هەرتەنها بۆ زووتر مەیسەر بوونی داگیر كردن بوونەك ئەنجامدانی بەلێنەكان بێ، ئاشكرا بوونی دەقی رێككەوتنامەی سایكس بیكۆ لەپاش سەر كەوتنی كودەتای رووس لە ١٩١٧/١١/٧ (١) ناسراو بە شۆرش ئۆكتۆبەر زێتر ماهیەتی داگیر كارانەی ئینگلیز و فەرەنسا و روسیا لەبەرامبەر گەلانی ناو ئەمپراتریەتی عوسمانی دەردەخەن.

ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ یاخود ڕێککەوتنامەی سایکس – بیکۆ – سازا نۆف؟!

ئەو ڕێکەوتنامەیە سەرەتا بیرۆکەیەکی بەریتانی – فەرەنسی بوو، هێشتا جەنگی یەکەمی جیهان لەگەرمەی بوو، بەریتانیاو فەرەنسا لەرێگەی سایکس و بیکۆ مژۆڵی دارشتنی نەخشەی دوای روخانی دەولەتی عوسمانی بوون، هەردوولا لەمایسی ١٩١٦ لەسەر هەندێ بنەمای سەرەکی دابەش کردنی دەوڵەتی عوسمانی ڕێککەوتن، بەلام بەحوکمی ئەوەی رووسیا دەورێکی زۆر سەرەکی هەبوو ئەوسا هەروەها بەحوکمی ئەوەی هەندێ ناوچەی دەولەتی عوسمانی لەژێر دەستی رووسیا بوو هەروەها ڕووسیا دەگەڵ ئەرمەن و کورد جۆرە هاوپەیمانی‌یەکی هەبوو هەروەها رووسیا دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە هەمووش گرنگتر ڕووسیا چاوی بڕی بووە بەشی باکوری کوردستان، ئەو ناوچەیەش بۆ داگیر کردن سەبارەت بەڕووسیا ساناتر بوو بۆ ئینگلیز و فەرەنسا، بۆیە هەردوولا بیریان لەوە کردەوە کە ڕووسیاش بکەنە هاوپەیمانی خۆیان لەوپرۆژە ئیستعماریەدا ، سازانۆف وەزیری دەرەوەی ئەوسا ڕووسیا هاوشانی سایکس و بیکۆ بوو، سازانۆف تەواو دیراسەی پرۆژەکەی کرد ئینجا لە نیسانی ١٩١٦ ڕەزامەندی و لاتەکەی لەسەر پرۆژەکە بەم مەرجانە ڕاگەیاند:

١. پێویستە ناوچەی ئەرزە رۆم ترابزۆن و وان و بەدلیس هەتا ئەو شوێنەی دەکەوێتە رۆژ ئاوای ترابزۆن لەسەر کەناری دەریای رەش هەمووی بۆ ڕووسیا دابنرێت.

٢. ئەبێ ناوچەی کوردستان لە باشوری وان و بدلیس دا، لە نێوانی موش و سعرت و روباری دجلە و جزیرەی ابن عمر، هێڵی لوتکەی ئەو شاخانەی بەسەر عمادیە دا دەڕوانن لەگەڵ مەرگەوەڕ، هەموو بۆ ڕووسیا تەرخان بکرێ و روسیاش بەرامبەر بەمانە دان بەوەدا ئەنێت ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە نێوان (ئالە داخ – قیصری – خربوط) هەمووی بۆ فرەنسابێ

٣. روسیا بەرپەری توندو تیژیەوە بەرامبەر هەر هەولێکی فرەنسا دەوەستێت وپێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەنابێ هیچ بەشێك لە کوردستان ، بەتایبەتی خۆرئاوای تورکیا بدرێت بەفەرەنسە [٢] ، پاش ئەوەی هەرسێ لا سایکس – بیکۆ – سازانۆف لەسەر پرۆژەکە رازی بوون ئەوا لەئەیلوولی ١٩١٦ پرۆژەکە شەکلێکی رەسمی وەرگرت، هەر دەوڵەتەو بەشێك لەخاکی ئیمپراتۆریەتی بۆ خۆ دانا بوو، بەرەنگێکی جیاواز ، وەك سنورێك، لەواتی تر جیا دەکردەوە،[٣] بەم شێوەیە ئەو شوێنەی لەسەر نەخشەکە ڕەنگی سووری بۆ دانرا بوو، ئەوا شوێنی دەسەڵاتی ئینگلیزی دەگەیاند، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بریتی بوو لە دۆڵی رافیدەین: ئەو ناوچەیە لە خانەقینی باشوری کوردستان درێژ دەبێتەوە بەرەو سەرەوە تاکو باشوری کوێت [٤]، ناوچەی دەسەڵاتی فەرەنسیش بە

رەنگی شین دیار کرابوو ئەویش بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کەئێستا پێی دەڵێن سوریاو لوبنان[٥] هەروەها ویلایەتی موسڵ - خواروی کوردستان ، هەروەها باکوری کوردستان (کەلەپەیمانی سایکس - بیکۆدا بەکوردستانی مەرکزی ژوورو ناوبراوە) بۆ روسیای قەیسەری دانرابوو[٦]، ناو چەیەکیش کەبەرەنگی سەوز بۆیە کرابوو ئەوا بۆ ئیتالیا دانرابوو[٧]

ڕووداوەکانی دوای ئیمزاکردنی پەیمانی سایکس بیکۆ - سازانۆف و هەروەها هەرەس هێنانی دەوڵەتی عوسمانی چارەنووسی کوردستانی بەناقارێك دابرد هەرهەمووی لەبەرژەوەندی بەریتانیا دابوو.

لەلایەك روسیای قەیسەری لەناکامی کودەتای ئۆکتۆبەر هەرەسی هێناو سوپای رووسی بەرێککەوتنامەی سنوری و هەروەها پەیمانی لیتۆفسك وازی لەباکوری کوردستان هێناو هەتا لەپەیمانەکەشی پەشیمان بۆوە، مستەفا کەمال بەپالپشتی ئینگلیزەکان توانی ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە ناوچەکە بیخێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەلایەکی تریش بەحوکمی ئەوەی ئینگلیز تەواوی عێراق و بەشێکی زۆری خوارووی کوردستانی لە ڕووی عەسکەری یەوە داگیر کردبوو، دەشی زانی نەوت لەوناچەیە هەیە، بۆیە توانی فەرەنسا رازی بکات دەست بەرداری خوارووی کوردستان بێ، لەپاش ئەو ڕووداوانە، ئینگلیز بەسوود وەرگرتن لە بەیاننامەی لوید جۆرج و کلیمانسۆ و ویدرۆ ولسن بەتایبەتی بەندی دوازدەی چواردە بەندەکەی ویلسن لەگەڵ هاوپەیمانەکان جارێ کۆنگرەیەکی ئاشتی یان دا لە پاریس ، ئەو کۆنگرەیە خۆی لەخۆیدا

بریتیبوو لە بەشەرعی کردنی پەیمانی سایکس بیکۆ، لە روالەت داوا لەکورد و عەرەب و ئەرمەن و ئاشوری کرا کەبەشداری ئەو کۆنگرەیە بن، لەو نێوە تەنها کورد هەڵوێتسی باشی نەبوو، چونکە زۆربەی عەشیرەتەکان لەژێر راسپاردەی ئیتحادیەکان شەڕی هاوپەیمانەکانیان کردبوو، هەرچی ئەرمەن و ئاشوری بوون ئەوا دوو هێزی هاوپەیمانی هاوپەیمانەکان بوون، هەریەك لەم دوو گەلە هەریەکەی بەجۆرێ داگیر کردنی کوردستانی بەشەرعی دەزانی ئەرمەنەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە باکوری کوردستان زێدی ئەوانە بە جۆرێك هەتا بە گوێرەی بەندی ٨٨ی پەیمانی سیڤەر بەشێك لەخاکی کوردستان بۆ ئەرمەنەکان دانرابوو ئەو شوێنانەی وەك وان، بدلیس تەرابزۆن ئەرزە رۆم کەکاتی سایکس بیکۆ روسیا داوای دەکرد، ئەوا بەشەرعی بۆ ئەرمەنەکان دانرابوو.

مەسەلەی بە ئەرمەنی کردنی کوردستان مێژوویەکی لەمە کۆنتری هەیە بەجۆرێ رۆناکبیرێکی وەك حاجی قادری کۆیی خۆی لەبەردەم ئەم هەرەشە پێ رانەگیراوە بۆیە هاواری سەرانی کوردی کردووە:

خاکی جزیرەو بۆتان یانی وڵاتی کوردان
سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بەئەرمەنستان
هیچ غیرەت نەماوە، سەد جار قەسەم بەقورئان
پەیدا بێ ئەرمەنستان نامێنی یەك لە کوردان (٨)

ئەمەو بەندی (١٦)ی پەیمانی سان ستیڤانۆو بەندی (٦١)ی بەرلین دووبەلگەی حاشا هەڵنەگرن لەسەر بەئەرمەنی کردنی کوردستان ،هەر

لەو بارەوە جەمال نەبەز دەڵێ: لەنێوان ١٩١٥ - ١٩١٨ لەرۆژهەڵاتی توركیا نزیكەی (٧٠٠) هەزار كورد بەدەستی ئەرمەن كوژراوە، تەنانەت لەساڵی ١٩١٦ كاتێك سوپای ڕوسی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران و باڵەكاتییەوە بەرەو رواندوز هاتن، چوار فەوجی ئەرمەنیو فەوجێكی ئەستوریان لەگەڵ بوو، ڕۆژی ١٣ی مایس ئەم هێزانە شاری رواندزیان داگیر كرد، ئەرمەنەكان بەبەرچاوی روسەكانەوە كەوتنەوە گیانی دانیشتوانی راوندوز لەئەنجامدا نزیكەی (٥) هەزار پیاو ئافرەت و منداڵ بوونە قوربانی، گوایە زۆر بەیان بە گوللە نەكوژراون، بەڵكو فرێدراونەتە گەلی (فەرمند)ی رواندز، لەنزیكەی (٢٠) هەزار خانووبەری ناوشار تەنها (٢٠) ماڵ بەسەلامەتی دەرچووە [٩] ئەو هەڵوێستە توندەی ئەرمەن دەرهەق بەكوردان دەگەرێتەوە بۆ ئەو وەهمەی ئەرمەن كە بەشێكی كوردستان لە ئەصڵدا خاكی ئەوانەو بەزۆری بەئیسلام و كورد كراوە هەروەها هەریەك لەروسیاو بەریتانیا دەورێكی زۆر گرنگیان بینی لەدروست كردنی وەهمی ئەرمەنستانی گەورە لەسەر خاكی كوردستان[١٠]، بەحوكمی ئەوەی ئەرمەن لەگەڵ هاوپەیمانەكان بوو، كوردیش دەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بوو، هەر كەجەنگیش بەبەرژەوەندی هاوپەیمانەكان تەواو بوو، ئەرمەن سورتر بوون لەسەر بەناوی مافی مێژووی یان بەسەر كوردستانەوە.

شەریف پاشای نوێنەری كوردان بۆ كۆنگرەی ئاشتی پاریس خۆی لە بۆ گۆس نۆباری ئەرمەن بۆ كۆنگرەی ناوبراو نزیك كردەوە هەردوولا لەئاكام رێككەوتن كەهەر یەك لەئەرمەنستان و كوردستان لەیەك جیا بن

،هەروەها پێکەوە یاداشتێکیان لەیەکی ئاداری ١٩١٩ ئاراستەی ئەنجومەنیبالآی هاوپەیمانەکان کرد، هەروەها بەحوکمی ئەوەی هەڵوێستی کوردان لە بەرامبەر هاوپەیمانەکان لاواز بوو، بۆیە نوێنەری کورد دوو یاداشت و نەخشەی لە ١٩١٩/٣/٢٢ و ١٩٢١/٣/١ ئاراستەی کۆنگرە کرد بۆ ئەوەی سنوری کوردستان دیاری بکرێ [11] و مەسەلەی کورد وەك دۆزێکی ڕەوا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

بێجگە لە ئەرمەن، ئاشوریەکانیش بە پاڵپشتی زلهێزەکان و کۆنگرەی ئاشتییەوە بە پاساوی مافی مێژوویی ئاشوریەکان لە کوردستان دەیانویست دەوڵەتێکی ئاشوری لە کوردستان دابمەزرێنن لەو بارەیەوە . جۆزێف یعقوب لە کتێبی The Assyrian Quostion "مەسەلەی ئاشوریەکان" باس لە پێنج یاداشت دەکات کە ئاشوریەکان پێشکەش بە کۆنگرەی پاریسییان کردووە. زۆربەی ئەو یاداشتانەش لەلایەن کەسانی دینی بە پاڵپشتی جالیە و کۆمەڵەی ئاشوری لە دەرەوەی کوردستان ئاراستە کراون. هەندێ لە داواکانی ئاشوریەکان لەسەر بنەمای پاڵپشتی ئاشوریەکان بۆ هاوپەیمانەکان دامەزرابوون، بۆیە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئاشوریەکان یەکێ لە ئارمانجە ستراتیژیەکانی ئاشوریەکان بوو. ئەو دەوڵەتەش سنورەکانی ئاوا نەخشەی بۆ کێشرا بوو: "ان الآشوريين يطالبون بدولة مستقلة تمتد حدودها من تكريت من الجنوب وحتى مقاطعة ديار بكر في الشمال ولخط مواز لضفاف الفرات في الغرب وحتى جبال ارمينيا في الشرق"[12] هەروەها لەو یاداشتەی یان (بەڵگە نامەی) بە ناوی نەتەوەی ئاشوری و

کلدانی پێش کەش بە کۆنگرەی ئاشتی کراوە، بێجگە لەوەی زۆر شوێنی دی لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان بە وڵاتی خۆیان دەزانن، ئەوا داوا دەکەن کە ئاشوری و کلدان حکومەتێکی نیشتمانی سەر بەخۆ دابمەزرێنن و بە خۆیان کاروباری خۆیان بە ناوی ئاشوری و کلدانی بەرێوە ببەن وە ئەوە دەوڵەتەش دەبێ هەموو ویلایەتی موسڵ لە خۆی بگرێ"[13]. ئەمەو تورکمانەکانی کوردستانیش بە پاڵپشتی تورکیا هەر بە ناوی مافی مێژوویی تورکمان لە کوردستان داوای مافە نەتەوەیی یەکانی خۆیان دەکرد[14]. هیچ کوردێ ناتوانێ نکوولی لەوە بکات کە ئەرمەن و ئاشوری و تورکمان لەگەڵ کورد لە کوردستان دەژین بە جۆرێ لە زۆر کات و شوێن جۆرە تەبایی یەکی وا لە نێوان کورد ئەرمەن و ئاشوری و تورکمان هەبووە وەك بڵێی لە ئەصڵدا ئەمانە یەك نەتەوەن. ئەمەو هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە هیچ دوور نی یە ئاشوری و تورکمان لە ئەصڵدا هەر کورد بن. هەر چۆنێ بێ، روسیا و بەریتانیا ڕۆڵی ئیستعماریانەی خۆیان بینی لە وروژاندن و خوڵقانی وەهمی دەسەڵاتی ئاشوری و ئەرمەنی بەسەر کوردستانەوە، چونکە پێش هاتن و دەست تێکەڵ کردنی روسیا و ئینگلیز لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی هیچ کێشەیەکی ئایینی لە نێوان کورد ئەرمەن / کورد ئاشوری نەبووە. ئەو رووداوە جەرگبڕانەی لە کاتی جەنگیش رویساندا تەواو ئەوەیان سەلماند کە هەریەك لە ئیتحادیەکان هاوپەیمانەکان بۆ مەرامی گڵاوی خۆیان کورد و ئەرمەن و کورد و ئاشوری یان بە گژ یەك وەناوە. ئەوان لەبەرنامەیان دانەبووە هیچ کیانێ

نە بۆ کورد‌وە نە بۆ ئاشوری و ئەرمەن دروست بکەن بەڵکو هەموو مەبەستی ئەوان ئەنجامدانی پرۆژەی سایکس بیکۆ سازانۆف بووە و مەسەلەی کۆنگرەی ئاشتی پاریسیش تەنیا تاکتیکێکی کاتی بووە هەر بۆ ئەوەیان بووە شەرعیەت بە داگیر کردنی خۆیان بدەن. ئەگەر وانەبوا خۆی هەریەك لە ئەرمەنی و ئاشوری "هاودین" ی هاوپەیمانەکان بوون بۆچی وەك لە کاتی شەڕ بەڵێنییان پێ دابوون کە دەوڵەتی سەربەخۆیان بۆ دابمەزرێنن، بۆچی حوکمیزاتیشیان بۆ لە تورکیا و عێراق داوا نەکرد؟!

پەیمانی سیڤەر یەکەم پەیمان بوو بەرەسمی داوای دابەشکردنی کوردستانی دەکرد

لە ئاکامی شەڕی چالدێران ١٥١٤ و پەیمانی زەهاوی ١٦٣٩ کوردستان کرا بە دوو بەشی سەرەکی. ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن کوردستانی تورکیاو عێراق و سوریا کەوتە ژێر دەستی عوسمانییەکان هەرچی بەشی رۆژهەلاتی کوردستانیش بوو ئەوا هەر لە نێو قەلەمڕەوی سەفەویەکان مایەوە. ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهاندا بەشداری نەکرد و شەڕەکە زیاتر لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بۆیە بەشی رۆژهەلاتی کوردستان لە پەیمانی نێو دەوڵەتییەکاندا ناوی نەهاتووە. ئەمەش بێجگە لەو هۆیەی سەرەوە، دامەزراندنی دەوڵەتی ئێران بە ئاراستەی ئینگلیز یەکێ لەو هۆیانەیتر بوو کەوا مامەڵە لەگەڵ ئەو بەشەی کوردستان بکرێ وەك بڵێی هەر لە ئەصڵدا بەشێکی رەسمی دەوڵەتی

ئێرانە! هەر لەو روانگەوە نە لە سایکس بیکۆ وە نەلە سان ریمۆ و سیڤەر و لۆزان ناوی رۆژهەلاتی کوردستان نەهاتووە. بە شێوەیەکی‌تر ئەگەر بێتو ئەو بەشەی کوردستان لە دەست دەسەلاتێکی‌تر بوایە لەگەلْ ستراتیژیەتی ئینگلیز دژ بوایە، ئەوا حەتمەن ئەو بەشەی کوردستانیش دەبووە جێگای گرنگی دانی هاوپەیمانەکان. لە هەرسێ بەندی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ی پەیمانی سیڤەردا تەواو ئەو راستی‌یە بەرجەستە کراوە کە رۆژهەلاتی کوردستان هیچ پەیوەندی لە دوورو نزیکەوە بە کوردستانی عوسمانلی‌یەوە نییە. بەواتای پێش هەموو شتێ پەیمانی سیڤەر دانی بە شەرعیەتی دابەش کردنی کوردستان ناوە. ئەوەی لە بەندەکانیشی هاتووە سەرەتا تەنها ئاماژە بە حوکمی زاتی بۆ کوردەکانی باکور کراوە نەك هەموو کوردستانی عوسمانلی. ئەمەش هەروەك لەگەلْ رەوتی روداوەکانی دوای جەنگ دەرکەوت تاکتیکێك بوو لە تاکتیکەکانی ئینگلیز لە مەڕ وروژاندن و تۆقاندنی کەمالی‌یەکان سەبارەت بە چارەنوسی ئایندەیان، بەواتای راگەیاندنی پەیمانی سیڤەر هەر زیاتر بۆ تۆقاندنی کەمالی‌یەکان بووبۆ ئەوەی بە مەرجەکانی ئینگلیز رازی بن. لە نەزەری کەمالی‌یەکان سیڤەر سێدارەی تورکیا بوو. سۆڤیەتیش لە ئارمانەجەکانی پەیمانی سیڤەر دەترسا، سۆڤیەتی‌یەکان باوەڕیان وابوو کە جێبەجێ کردنی پەیمانی سیڤەر زیاتر سنوری باشوری ولاتەکەیان دەکەوێتە ژێر خەتەری ئیمپریالیزم. لە بەندی ٦٤ کە باسی لە کوردەکانی باشور دەکات ئەوا سێ مەرجی بنەڕەتی دانراون بۆ یەککگرتنی ئەو بەشە لەگەلْ باکور:

١- ئەگەر زۆربەی ئەو خەڵکانەی کەوتونەتە خۆرهەلآتی فورات و باشوری خۆرئاوای ئەرمینیاوە داوای جیابوونەوە لە تورکیا بکەن.
٢-کۆمەڵەی گەلان لەو باوەڕە دابێت کە ئەم گەلە ئەتوانێ سەربەخۆیی و پێسپیری ئەمە بکات ئەوا تورکیاش لە ئێستاوە پەیمان دەدات ئەو پێسپێریە جێبەجێ بکات، دەست بەرداری هەموو ماف و ئیمتازاتێکی خۆی ئەبێ لەو ناوچەانەدا
٣- ماوەی ساڵێك بۆ پیادەکردنی ئەم بەندە دانرا.

لە کاتی راگەیاندنی پەیمانی سیڤەر زۆربەی باشور لە ژێر حوکمی راستەوخۆی مێجر سۆن حاکمی ئینگلیز لە کوردستانی خواروو دابوو[١٥] لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٠ ئینگلیز بڕیاری ئەوەیدا کە مەسەلەی دەوڵەتی کوردی شتێکی عەمەلی نییە و لەجێی خۆی نییە، پاشان سەبارەت بە مەرجی یەکەم، ئینگلیز حکومەتەکەی شێخ مەحمودی بەزەبری هێز لە نێو برد بوو، مێجر سۆن لە رێگای "پێش کەوتن"ەوە خەریك بوو کەلێنی نێوان شێخ و رۆشنبیرانی کوردی گەرەوتر دەکرد. ئەمەش لە خۆڕا نەبوو، چونکە ئینگلیز بە چاوی شێخ و سەرۆك عەشیرەتێك سەیری شێخی دەکرد نەك وەك سەرکردەیەك[١٦]. ئۆزدەمیرو سەرۆکەکانیتر دەورێکی گرنگیان بینی بۆ ئەوەی سەرانی کورد و رۆشنبیرانی کورد لەناو خۆیاندا تەبا نەبن. لە بەشی باکوری وڵاتیش سەرکردەکانی ئەویْ و ئەوانەی لە ئەستەنبوڵ بوون هەر یەکەی چارەنووسی خۆی بەرەوە ئاقارێکی نادیار دەبرد. ئالەو کاتەش کەمالییەکان هەموو هەوڵێکی جدی خۆیان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی

سەرکردە خێڵەکی یەکان لە رۆناکبیرانی کورد دوور بکەنەوە و واز لە سیڤەر بێنن. بەواتای ئینگلیز دەیانزانی کە هەموو کورد لەگەڵ جیابوونەوە لە تورکیا نی یە، بۆیە ئەو مەرجەی لە پەیمانەکەدا دانابوو. ئەوا گریمان هەموو سەرکردەکان خیلافاتی خۆیان بەلانابایەو ببانە یەك دەنگ، ئەوا دەوڵەتی کوردی بە گێرەی سیڤەر هەر دانەدەمزرا چونکە دەبا کۆمەڵەی گەلان بگاتە ئەو قەناعەتەی کە کورد دەشێن دەوڵەتی خۆیان بەرێوە ببەن. لە ئەزەری ئینگلیز کورد کۆمەڵێ عەشائیرن لە چاو گەلانی دی ناوچەکە دواکەوتوون ئەو نوختەیە هەتا ئاشووری و ئەرمەنی یەکانیش دەیانوروژاند بە بیانوی ئەوەی ئەوان لە کورد حەزاری ومەدنی ترن بۆیە ئەوان شایەن ترن لە کورد کە دەوڵەتیان هەبێت، هەرچی پیاوانی دەوڵەتی "خەلیفە" بوون لە ئەستەنبوڵ ئەوا تەواو لە ژێر ئاراستەی ئینگلیز دابوون. دەوڵەتی خەلیفە بە رەسمی رەزامەندی خۆی لەسەر سیڤەر دابوو. لە ئەصڵدا خوودی کێشەکە دەبوو لە نێوان تورکیا – کورد بوایە، بەلام ئینگلیز نەك هەر ئەومندەی بە دەوڵەتی خەلیفە رەوا نەدەبینی، بەڵکو لە ئاقار هەوڵەکانی کەمالی یەکان بۆ روخانی دەوڵەتی خەلیفە بێ دەنگ بوون. کەمالی یەکانیش وەك وتمان سیڤەریان بە سێدارەی خۆیان دەزانی. مەسەلەی دانای ساڵێك بۆ پیادەکردنی پرۆژەکە خۆی لەخۆیدا تاکتیکی دی ئینگلیز بوو دەرهەق بە کورد ئەگەر نا پێشتر شێخ مەحمود بەتەنها نامەیەك توانی سەرانی ئینگلیز بەتایبەتی نوئیل و ویلسن رازی بکات کە خۆی حکومەتێکی کوردی دابمەزرێنی. ئەو

کاتیش نه دەوڵەتی عێراق دروست ببو وە نە دەوڵەتی تورکیا. بە واتای ئەگەر ئینگلیز زۆر بایە لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بۆ کورد ئەوا وەك چۆن لە ساڵی ١٩١٨ بە حوکمداریەتی شێخ محمود رازی بوو ئاوا دەستبەجێش رازی دەبوو کورد دەوڵەتی خۆی هەبێ.
وێڕای ئەو هەموو راستیانە، ئەوا ئینگلیز هەر لە رۆژی راگەیاندنی پەیمانی سیڤەردا بڕیاری داگیر کردنی باکوری کوردستانی دا چونکە ئەو ناوچەیە، کە وەك لە سایکس بیکۆ بڕیاری لەسەر داربوو دەبوو بۆ روسیا بێت بەڵام کودەتای ئۆکتۆبەر وای کرد روسیا سوپای خۆی لە ناوچەکە بکێشێتەوە، بە واتای مەسەلەی جاردانی حوکمی‌زاتی بۆ باکور زۆر ئاسان بوو چونکە ناوچەکە هیچ هێزێکی دژە ئینگلیزی لێ نەبوو. لە بریتی ئەوە نوسەری کتێبی "الرجل الصنم" کە ئەفسەرێکی تورکی سەردەمی کەمالیەکان بووە، دەنوسێ ئینگلیز گلۆپی سەوزی بۆ مستەفا کەمال هەڵکرد بۆ ئەوەی بچێ دەست بەسەر ئەو ناوچەیە بگرێ و راپەڕینی میللی بەرپا نەبێ!
لەو چەند لاپەرەیەدا دەفامرێتەوە کە پەیمانی سیڤەر کارێکی ئینگلیزی بووە لە دژی تورکیا و هەندێ لە هاوپەیمانی خۆی بە کاری هێناوە. ئەگەرنا کۆنگرەی پاریس، کە کارەکانی ساڵێك و سێ رۆژی خایەند لە ١٩١٩/١/١٨ - ١٩٢٠/١/٢١، لە بریتی چارەسەرێکی عادیلانەی کێشەی کورد و ئەرمەن و ئاشوری ، ئەوا ئەوەی هەش بوو ئینگلیز بەزەبری هێز لە نێوی بدر بە تایبەتی حکومەتەکەی شێخ مەحمود کە لە حوزەیرانی ١٩١٩ لە نێو برا. بیانوی لە ناوبردنەکەش بە هیچ جۆرێ لەگەڵ

بانگاشه ئیجابی‌یەکانی ئینگلیز یەکی نەدەگرتەوە "ئینگلیز دەیانگوت شێخ پێی لە بەری خۆی زیاتر راکێشاوە"[١٧] ئەو هەموو پێ لە بەر راکێشانەی شێخ فراوانکردنی سنوری دەسەلاتی حکومەتەکەی بوو – بەواتا دەیویست حکومەتەکەی هەر لە سلێمانی نەبێ بەڵکو هەموو باشوری کوردستان بگرێتەوە لە نەزری ئینگلیز ئەمە تاوان بوو، چونکە ئەوان شێخ و کوردیان وەك سەرۆك عەشیرەتێك دەبینی نەك وەك سەرۆك دەوڵەتێك و میلەتێك. سەیر دەکەی کە کۆنگرەی ئاشتی خەریکی کارە "ئاشتیخوازەکانی" خۆی بووە، ئینگلیز ئا لەو کاتە بە زەبری هێز حوکمداری‌یەتی خوارووی کوردستانی لە نێو بردووە. بەلام کە ئینگلیز تەواو بۆی دەرکەوت کە کەمالی‌یەکان تەواو لە راژەی سیاسەتی ئینگلیز دان ئەوا نەك هەر ماهیەتی پەیمانی سیڤەریان ئاشکرا کرد، بەڵکو پشتیان لە ئەرمەن و ئاشوری و هەتا یۆنانی‌یەکانی ئەزمیریش کرد. ئەمەو ئەگەر بزانین یۆنان بە ئاراستەی ئینگلیز و فەرەنسا ئەزمیری داگیر کردبوو. بەم جۆرە وەك لە بەرایی ئاماژەمان پێ دا سیڤەر لە رووی کردارەوە ئیقراری دوو کوردستانی کرد بوو: کوردستانی عوسمانلی و کوردستانی ئێرانی. هەروەها باکور کە بە پێی سایکس بیکۆ سازانۆف بریار درابوو بدرێ بە روسیا، ئەوا ئەو بەشە هەر بەپێی خودی پەیمانەکە لە بەشی باشور جیا کرابۆوە. بە واتای بە حوکمی ئەوەی ئینگلیز لە رووی عەسکەریەوە فەرماندەیی باکوری نەدەکرد هەروەها بە حوکمی ئەوەی ئەو دەڤەرە ترسی لەسەر بەرژەوەندی‌یەکانی سۆڤیەت هەبوو، بۆیە لە سیڤەردا ئاماژە بە

حوكمیزاتی بۆ ئەو بەشەی كوردستان كراوە هەرچی مەسەلەی باشوری ولأتیشە ئەوا لەبەر ئەوەی لە رووی عەسەرییەوە تا رادەیەك لە ژێر حوكمی راستەوخۆی ئینگلیز دابوو هەروەها ناوچەكە نەوتێكی زۆری هەبوو ئەوا ئینگلیز "لكاندنەوەی" ئەو بەشەی بە باكور بە هەندێ مەرجی تەعجیزی بەست بۆوە.

پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣

بە پاڵپشتی عەسكەری و لۆجستی هەندێ لە هاوپەیمانەكان وەك فەرەنسا و ئیتالیا هەروەها سۆڤیەت ، كەمالییەكان بوونی خۆیان لە توركیا كردە ئەمری واقع. ئەو رەوشەی ئەوسا هەمووی لە بەرژەوەندی كەمالییەكان و لە دژی كوردەكان بوو. لەو نێوە بەتایبەتی پاش سەركەوتنی كەمالییەكان بەسەر یۆنانییەكان لە ئەزمیر و دەوڵەتی خەلافەتی ئەستەمبوڵ، ئینگلیز بیری لە كۆنگرەیەكی دی ئاشتی دەكردەوە. ماهیەت و ستراتیژیەتی كۆنگرەكە خۆی لەخۆیدا هەڵوەشاندنەوە یان هەر هیچ نەبێ هەموار كردنی بەندەكانی سیڤەر سەبارەت بە كوردەوە دەگەیاند. لە ئاكام هەر یەكە لە ئینگلیز و توركیا بە چەند ئامانجێك بەرەو كۆنگرەی ئاشتی لۆزان بەرێ كەوتن. كۆنگرەكە لە دوو ماوەی جیاوازدا دەستی بە كارەكانی خۆی كرد. جاری یەكەم كۆنگرەكە لە (٢٠)ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دەستی پێ كرد هەتا (٤)ی شوباتی ١٩٢٣ خایەند. جاری دووەمیش لە (٢٤)ی نیسان دەستی پێ كرد هەتا ٢٤ تەمووزی ١٩٢٣ی خایەند [١٨] كێشەی

ویلایەتی موسڵ ئەوەری سەرەکی دان وستاندنی هەردوو شاندی ئینگلیز و تورکی بوو. لە ماوەی یەکەمدا لۆرد کیرزۆنی سەرۆکی شاندی ئینگلیز توانی قەناعەت بە ئینینوی سەرۆکی شاندی تورکی بێنێ کە مەسەلەی ویلایەتی موسڵ بە جیا بە دوو قۆڵی لە نێو خۆیان باس بکەن[١٩]. لە ئاکام هەر دوو لا لە کۆتایی ماوەی یەکەمدا ١٩٢٣/٢/٤ ڕێکەوتن کە کێشەی باشوری کوردستان و ولایەتی موسڵ لە کارنامەی کۆنگرە دەربێنن و مۆڵەتی نۆ مانگ بە تورکیاو بەریتانیا درا بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا بگەنە تێگەیشتنێکی راستەوخۆ ئەگەر نەگەیشتنە یەك ئەوا کێشەکە ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان بکرێ[٢٠]. ئەو مەسەلەیە، پەیوەست بوو بە کورد بەلأم هیچ لا ڕێیان بە کورد نەدا بەشداری ئەو کۆنگرەیە بکەن و لە چارەنوسی خۆیان بکۆڵنەوە. لە کۆتایی ماوەی دووەمیش بە واتای ١٩٢٣/٧/٢٤ کۆنگرەکە کۆتایی پێ هات بێ ئەوەی چارەسەری مەسەلەی باشوری کوردستان بکرێ. هێندە نەبێ، تورکیا وەك دەوڵەتێك لەگەڵ بەشی باکوری کوردستاندا دانی پێ دانرا و باشوری کوردستانیش ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان کرا. لە نەزەری تورکیا لۆزان ویلایەتی موسڵی لە تورکیا دابڕی، بەلأم گەرەنتی هێمنی و تەناهی بۆ تورکیا مسۆگەر کر[٢١]

لە دەقی پەیمانی لۆزان دا ناوی کورد نەهاتووە. مەسەلەی دەوڵەتی کوردی بۆ تاکی غەیرە تورك و غەیرە موسڵمان بە هیچ جۆرێ لە پەیمانەکەدا ئاماژەی پێ نەکراوە. بەلأم بە حوکمی ئەوەی بەشێکی کوردستان لە تورکیایە هەروەها کەمایەتی‌یەکی دینی وەك ئەرمەن و

ئاشوری لە تورکیادا هەیە، بۆیە بە شێوەیەکی ناراستەخۆ ئاماژە بە مافی رۆشنبیری و دینی کراوە. ئەو ماف و ئەرکانە لە پێنج بەندی لۆزان بە ژمارە ۳۷ ، ۳۸ ، ۳۹ ، ٤٠ ، ٤٤ ئاماژەیان پێ کراوە: بە پێی خاڵی ۳۸ ئەوا تورکیا بەڵێن دەدات کە ئازادی تەواو بە هەموو دانیشتوانی تورکیا بدات بێ دروست کردنی جیاوازی سەبارەت بە رێد و نەتەوەو زمان و رەگەز و دین و عەقیدە. هەروەها کەمایەتی‌یە غەیرە موسڵمانەکانیش مافی هات وچۆ و کۆچ کردنیان هەیە[22]. بەگوێرەی ئەو بەندە لە فەراهەم هێنانی ئازادی‌دا هیچ جیاوازیەك لە نێوان گەلانی ناو تورکیا نی‌یە بەواتای کورد و تورك هەردووك دەبوو وەك یەك ئازاد بن. ئاشوری و ئەرمەنەکانیش هەر وە بەر هەمان پەیرەو دەکەون. محمد شێرزاد لە "نضال الاکراد" لاپەرە (۳٦) د. عەزیز شەمزینی لە لاپەرە (۱۱٥ – ۱۱٦)ی کتێبی "جولانەوەی رزگاری‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان / دەڵێن لە خاڵەکانی ۳۸، ۳۹ ، ٤٠ی بەشی سێیەمی پەیمانی لۆزان دا وا هاتووە:

دەوڵەتی تورکیا دەستەبەری ئەوە دەبێ کە کورد، کەمە رەگەزێکی تورکیا پێکدەهێنێ، بۆی هەیە بە ئاشکرا بە زمانی نەتەوەیی خۆی بدوێ، لە دادگاکانی تورکیادا بەکاری بێنێ، رۆژنامەو گۆڤار و پەرتوکی پێ دەرکا، بۆی هەیە یانەی زانستی ، کۆمەلأیەتی و پەروەردەیی کورد زمان پێکەوەبنێ و بەو پەڕی ئازادی‌یەوە لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا هاتوچۆ بکا و هەموو ئەو مافە سیاسی‌یانەی دەبێ کە تورکەکان هەیانە" د. حامد لە کتێبی "المشکلة الکردیة فی الشرق الاوسط" لاپەرە

(٦٢) دەڵێ: لە خاڵی ٣٩ ئازادی بە نیشتمانە پەروەرانی کورد و ئەرمەن دراوە کەبە زمانی خۆیان لە بەردەم دادگاکان بدوێن" بە واتای چۆن بەناو لە پەیمانی سیڤەردا ناوی کورد و ئەرمەن هاتووە، ئەوا لە پەیمانی لۆزان بە ئاماژەکردن هێما بۆ کورد و ئەرمەن کراوە. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە لە کۆنگرەی ئاشتی لۆزان، کە ئینگلیز خۆی تێدا بالاّ دەست بوو دەست بەرداری مافەکانی کورد و ئەرمەن و ئاشوری بووە. ئەو ناو هێنانە تەماوی‌یەی کورد و ئەرمەن و ئاشوری لە لۆزان دا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ مافی بە تورکیا دەدا کە لەمەو دوا رەوشی سیاسی وڵات بە ئاقاری بەرژەوەندی‌یەکانی تورکیا بەرێ و نکوولی لە بوونی کورد و ئەرمەن و ئاشوری بکات، بەتایبەتی کورد. لە پاش کۆنگرەش هەروا کەوتەوە. لە بەندی (٣٧) تورکیا بەڵێن دەدات کە هەرگیز یاسایەك دەرنەکا یا بڕیارێك دەربخا ئەو مافانەی لە هەرسێ بەندەکەی پێشوو خرانە بەرچاو پێشێل بکات[٢٣]. خاڵی ٤٤یش باسی ئەوە دەکا کە بەڵێنەکانی تورکیا بەڵێنی جیهانین، لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك بۆی نیە ئەو بەڵێنانە بشکێنێ ئەگینا ئەو دەوڵەتانەی پەیمانی لۆزانیان مۆر کردوە دەوڵەتە ئەندامەکانی کۆمەڵەی گەلان بۆیان هەیە سەرپەرشتی‌ی جێبەجێ کردنی بەڵێنەکان بکەن و تورکیا ناچار بکەن ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکا کە بە دەوڵەتانی داوە[٢٤] ئەگەر پێ لە هەرسێ بەندی ٣٨ ، ٣٩ ، ٤٠ ئاماژە بە دەوڵەت و کیانی کوردی نەکراوە بە واتای بەتەواوی بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی هەڵوەشێندرایەوە.بەلاّم لەو بەندانە دان بەوەنراوە کە رەگەزێکی غەیرە

توركی لە دەوڵەتی توركیا هەیە. لەمەش زیاتر ئەو رەگەزە غەیرە توركی‌یە زۆر مافی رۆشنبیری و كەلتوری بۆ دابین كراوە. دەمارگیری نەتەوەیی دەسەلأتی تورك ئەوەندەش بۆ كورد بە زۆر زانی. دەوڵەت لە نەزەری كەمالی‌یەكاندا بوو بە بونێكی پیرۆز بە جۆرێ دەوڵەتی توركیا پەرلەمانی ناچار كرد خودی پەیمانی لۆزان هەڵوەشێنێتەوە.هەروەها بەپێی دەستوری سزای تورك ژمارە (٨٨) هەموو شتێك دژ بە توركیا قەدەغەكرا[٢٥] لە پاشان مكومتر بوونی دەسەلأتی عەلمانی توركی ئەوا بە گوێرەی بەندی ١٤٠ ، ١٤١ ، ١٤٢ ، ١٤٣ زمانی كوردی لە توركیا یاساغ كرا[٢٦] ئەو كردەوانەی توركیا پێشێلی بەندی ٣٧ و ٤٤ی پەیمانی لۆزانی دەكرد، كەچی هاوپەیمانەكان لەبەرامبەر ئەو كردەوانەدا هیچ هەڵوێستێكیان نەنواند. ئەو بێ دەنگی‌یەی هاوپەیمانەكان بەتایبەتی ئینگلیز لە بەرامبەر كردەوە نامرۆیی‌یەكانی دەوڵەتی توركیا لە هەمبەر كوردا دەگەڕێتەوە بۆ چەند دەست بەرداری‌یەكی توركیا بۆ ئینگلیز. پێش هەموو شتێ هەتا سەردەمی كۆنگرەی ئاشتی لۆزان ئەستەمبۆڵ پایتەختی رۆحی توركیا هەر لە ژێر كۆنترۆڵی هاوپەیمانەكان بوو، بەلأم هەركە شاندی حكومەتی ئەنقەرە لە لۆزان بە پێشنیارەكانی ئینگلیز رازی بوو، سوپای هاوپەیمانەكان بەبێ تەقە شاری ئەستەمبوڵیان چۆڵ كرد[٢٧] پێشنیارەكانی ئینگلیز لە لۆزان دا هیچ پەیوەندی بە مافەكانی كوردەوە نەبوو بە واتای ئینگلیز لە لۆزان تەواو دەست بەرداری باكوری كوردستان ببوو بۆ توركیا بە مەرجێ توركیا ئەو مەرجانە جێبەجێبكات[٢٨]:

١-توركيا پەیوەندی بە ئیسلامەوە نەمێنێ.
٢-خەلافەتی ئیسلامی هەڵوەشێنێتەوە.
٣-توركيا بەڵێن بدا بە دامرکاندنەوەی هەر بزوتنەوەیەك كە لایەنگرانی خەلیفە پیٚ‌ی هەڵبستن.
٤-توركيا بۆ خۆی دەستورێکی مەدەنی هەڵبژێرێ لە جیاتی دەستوری عوسمانی کە لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام دامەزراوە.

لە (٣٠)ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ ئەنجومەنی نیشتمانی بالآی تورك سیستەمی بە کۆماری کردن و عەلمانی کردنی تورکیای راگەیاند هەروەها لە سیّ‌ی مارتی ١٩٢٤ بەپیّ‌ی هەرسیّ بەندی ژمارە ٤٢٩ ، ٤٣٠ ، ٤٣١ی دەستوری تورکی سیستەمی خەلافەتی ئیسلامی لە تورکیا هەڵوەشێندرایەوە.

لەپاشان لە رێگای کۆمەڵەی گەلانەوە، چارەنوسی باشوری کوردستان لە ژێر دەستی تورکەکان هێنرا دەدەروە ئەو بەشەی کوردستان کە بریار بوو لە لۆزان چارەسەر بکریّ لە بەشی باکور جیا کرایەوە بەزەبری هێز کرایە بەشێك لە عێراقی عەرەبی.

بەمجۆرە لە کۆنگرەی ئاشتی لۆزان هیچ ریزێك بۆ کورد دانەنرا. ئەمەو کورد بە زۆر رێگا هەولیدا لەگەڵ تورك و ئینگلیز رێك بکەویّ. بەلأم بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز و تورك زۆر گەورەتر بوون لە مافەکانی کورد. پەیمانی لۆزان ئەگەر بەندەکانی ٣٨ ، ٣٩ ، ٤٠ ی جیّبەجیّ بکرابان - کە سەبارەت بەمافەکانی کورد هیچ پایەکی ئەوتۆیان نەبوو

– ئەوا دەكرا كە چارەنووسی كورد بەو دەردە نەبڕێ كە برا. بەڵام لە مێژوودا دەرفەتی رامان نییە ئەوەی ڕوویدا نەبوو رووبدا چونكە هیچ كاتێ بەرژەوەندی ئیستعمار جا چ ئیستعماری بیانی بێ یان ئیستعماری توركی، عەرەبی ، فارسی دەگەڵ ویستی گەلانی ئازادیخواز یەك ناگرێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئیستعماری ئینگلیز و ئیستعماری تورك هاوشان لەگەڵ ئیستعماری عەرەب بەزەبری هێز نیشتمانی كوردیان پارچە پارچە كرد و هەرچیان لە دەست هات لە دژی كورد دریغیان نەكرد.

پەراوێزەکان:

١-بیت سمؤئیل، الآشوریون في مؤتمر الصلح باريس ١٩١٩، ص

٢-م. رەسوڵ هاوار، کورد و باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دوهەمی جیهان -بەرگی یەکەم- سلێمانی ٢٠٠٠ ، ل ٥٣١-٥٣٢.

٣-سەلام ناوخۆش ، کوردستان چۆن داگیر کرا و دابەش کرا، کوردستان ٢٠٠٠ ،ل٧٤.

٤-د. جرجیس حسن، ترکیا في الاستراتیجیة الأمریکیة بعد سقوط الشاه، ١٩٩٠ ،ص٨٢-٨٣.

٥-سەرچاوەی سەرەوە.

٦-سەرچاوی ژمارە (٢).

٧-سەرچاوەی ژمارە (٣) و (٤).

٨-کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی، بغدا ، ل٥١.

٩-سەنتەری برایەتی ژمارە (١٦) ، ل٧٧.

١٠- د. کمال مظهر، کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی ، بغداد ١٩٨٤ ، ص٢٦٧. هەروەها بڕوانە سەنتەری برایەتی ژمارە (٩)

١١- سەرچاوەی ژمارە (١) ، ل١٤.

١٢- سەرچاوەی سەرەوە ، ل٢٨.

١٣- سەرچاوەی سەروە ، ل٣٠.

١٤- محمد سلام، مافی مێژوویی غەیرە کورد بەسەر کوردستانەوە، ڕۆژنامەی پەیام. هەروەها کتێبی مافی مێژووی غەیرە کورد بەسەر

کوردستانەوە - کۆمەڵە نووسینێك لە بارەی ناسیۆنالیزم، هەولێر ١٩٩٩، ل٣٥.

١٥- ئالای ئیسلام ژمارە (٢-٣) ئەیلولی ١٩٩٩ ، ل٢

١٦- دیرك کینان کورد و کوردستان ، وەرگێڕانی سەلام ٢٠٠٠.

١٧- سەرچاوی پێشوو.

١٨- د. حامد محمود، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط ، مصر، ص٦٢.

١٩- د. کمال ئۆقە، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ وەرگێرانی سەلام، کوردستان ٢٠٠٠

٢٠- سەرچاوەی ژمارە (١٨) و (١٩).

٢١- سەرچاوەی ژمارە (١٩).

٢٢- محمد شێرزاد، نضال الأكراد هەروەها سەرچاوەی ژمارە (١٨).

٢٣- د. جەمال نەبەز، کوردستان و مەسەلەی کورد هەروەها بڕوانە د. عزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان ، سلێمانی ١٩٩٨، ل١١٦

٢٤- د. عزیز شەمزینی، ل١١٦

٢٥- سەلام، دوزی کورد لە نێوان داچوون و هەڵچوونێکی ناکۆك دا هەولێر ١٩٩٢، ل٢٤

٢٦- گۆڤاری بانگی هەق، ژ(١) ١٩٩١، ل٢٤.

٢٧- سەلام، کوردستان چۆن داگیرکرا و دابەش کرا، کوردستان ١٩٩٨، ل٥٣.

مەسەلەی کورد لە نێوان
مێجەر نوئێل و
ئۆزدەمیر

١ ـ ٢

پێشەکی:

لە پاش ئاگربەسی مۆدۆرۆس، پەیتا پەیتا ململانێ یەکی دی لەنێوان بەرەی هاوپەیمانەکان بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا سەری هەڵدا. بەریتانی یەکان هەر بە ویلایەتی بەسرا و بەغدا رازی نەبوون، بەڵکو دەیانەویست ویلایەتی موسڵیش بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. ئەو ویلایەتەش زۆربەی بەگوێرەی پەیمانی نهێنی سایکس-بیکۆ بۆ فەرەنسا دانرابوو، بەڵام هۆکاری نەوت و جیۆپۆلیتیکی شوێنەکە و هەروەها پێکهاتەی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی هەرسێ ویلایەتەکە، وایان لە بەریتانی یەکان کرد کە بە هەر جۆرێ بێ ویلایەتی موسڵ بخەنە نێو قەلەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیان لەهەردوو ویلایەتەکەی تردا. گرتنی شاری موسڵ لە پاش ئاگر بەسی مۆدۆرۆس و پەیوەندی کردنی ئینگلیز بە شێخ محمود ئەو پرۆسەیەی بۆ ئینگلیز ئاسانترکرد. ململانێ ی بەریتانیا و فەرەنسا لەسەر ویلایەتی موسڵ لە کۆنگرەی سان ریمۆ بەرەو چارەسەرکردن چوو، ئەویش پاش ئەوەی کلیمانسۆی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا بە پێشنیاری لوئیدی سەرەک وەزیرانی بەریتانیا رازی بوو، ئینگلیز بۆ ئەوەی لەسەرەتا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ حوکمی کوردستان بکات مێجەر نوئیلی بۆ سلیمانی هەنارد. لەو لاوەش کەمالی یەکان، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئینگلیز لەناو عەشیرەتەکانی کورد بێ هێز بکەن ئۆزدەمیریان بۆ باشوری کوردستان هەنارد. هەر یەک لەم دووە هەر یەکێ بەجۆری دەیەویست کوردەکان بۆ لای خۆیان کێش بکەن.

ئەم نووسینە هەوڵ دەدات لە ماهیەتی هەوڵی هەر یەک لە مێجەر نوئیل و ئۆزدەمیر بکۆڵێتەوە. ئەوە بخاتە ڕوو ئاخۆ ئەو «دوو»ە مەبەستیان بووە هیچ شتێ بۆ کورد بکەن. بۆیەش ئەم بابەتەمان هەلبژارد، چونکە ئەوانەی مێژووی نوێ ی کوردیان نووسیوەتەوە باس لە هەردووک وەک یەک ناکەن، هەندێ مێجەر نوئیل بە لۆرانسی کوردان دەناسێنن. هەندێکیش لەژێر کاریگەری دبلۆماسیەتی ئۆزدەمیردا تووشی تەفردبوون و باوەڕیان وابووە کە ئۆزدەمیر گەردکی بووە شتێ بۆ کورد بکات.

بەشی یەکەم: مێجەر نوئیل و مەسەلەی کورد.

١-١- ئینگلیز و فەرمانڕەوای ناراستەوخۆی کوردستان.

هەر کە، ئینگلیز دەستی بەسەر هەردوو ویلایەتی عەرەب نشینی بەغدا و بەسرا دا گرت، نەوتی کوردستانی باشور دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی پەلکێش کرد بۆ ئەوەی ئەو بەشەی کوردستان کە ناسرابوو بە ویلایەتی موسڵ بگرن. لەو بەشەی کوردستان دا شێخ محمود سەرکردەیەکی هەرەناسراوی کورد بوو. ئینگلیز لەکاتی شەڕ و کۆتایی شەڕیش وەک دێرک کینانی و ئەدمۆندز لە کتێبەکانیان دەنوسن پەیوەندیان بەسەرکردەکانی کوردەوە کردبوو[١]، شێخ محمود یەکێ لەو سەرکردانەبوو کە بەنامە پەیوەندی بە ئینگلیز کردبوو بۆ ئەوەی لە بەرامبەر دەرکردنی سوپای عوسمانی لە سلێمانی بیکەن بە حکمداری کوردستان[٢].

لە بەرایی فەرمانڕەوایی کردنی کوردستان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ یەکێ لە تاکتیکەکانی ئینگلیز بوو، ئەمەش پەیوەست بوو بە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی. بۆ مەیسەرکردنی ئەو پیلانە ئینگلیز چەندەها ئەفسەری هەواڵگری ناردە کوردستان. ئەحمەد خواجە لە کتێبی «چیم دی» بەرگی دووەم لاپەڕە (٧) ناوی ئەفسەرەکان بەم جۆرە تۆماردەکات[٣]:

١- میجەر نوئیل: فریشتەی بێ فەڕو تەڵەدانەری گیانی کورد.
٢- میجەر گرنیهاوس: حاکمی سیاسی.
٣- میجەر دانلیس: فەرماندەی لیڤی.
٤- میجەر سۆن: حاکمی سیاسی.
٥- کپتان هولت: معاون حاکم سیاسی- و سەرپەرکەری گوزارش.
٦- کپتان کووک: لە رانیە، بەرپاکەری ئاشووب و بەددەستی خۆی فەتاح بەگی کوشت.
٧- کپتان لیس: دوژمنی کورد و نۆکەری هەلەبجە.
٨- کپتان بۆند: حاکمی چەمچمال و گێرەشێوێن.

٩- کپتان چیمەن: تەلەتەقێنی راوی خوێنی کورد.
١٠- کپتان لاین: هەڵسوڕێنی سیاسەتی ئاڵۆزانی مافی کورد و ماکی جنێو و بێ ئابڕوویی.
١١- میجەر ادموندس: حاکمی رانیە و قەلادزە و پسپۆری رۆژهەلات و هونەرمەندی دروست کردنی دەزگای جاسووسی.

ئەمە و چەندان ئەفسەری تر لە دەڤەری بەهدینان دامەزرابوون بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کاروباری و لات بەرێوەببەن یەکەم ئەفسەر کە ئەو ئەرکەی پێ سپێردرابوو میجەر نوئیل بوو. نوئیل ئەفسەرێکی چالاکی بەریتانی بوو ماوەیەک لە نێوان کوردەکانی ئێران بوو و ئاگای لە رەوشی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمەڵی کوردەواری هەبوو. ئەو خاسڵەتانە وای لە ولسنی کۆمیساری بالای ئینگلیز لە عێراق کرد کە میجەر نوئیل بەرەو کوردستان بنێرێ. میجەر نوئیل لەگەڵ دکتورێک و ئەندازیارێک و چەند ئینگلیزێکی تر هاتە سلێمانی. لە کتێبی یاداشت-رەفیق حلمی و چیم دی- ئەحمەد خواجە و کوردستان فی عصر السلام بعد الحرب العالمیە الاولی-ی احمد عثمان هاتووە کە شێخ مەحموود زۆربەی خێڵەکانی سلێمانی و دەوروبەری کۆکردۆتەوە و میجەر نوئیل لەپێش ئەوانەدا بەزمانی فارسی وتاری داوە و وتویەتی: «بەناوی حکومەتی بریتانی و حاکمی گشتی عێراق قسەتان لەگەڵ دەکەم. ئەمرۆ ئێوە لە دیلی رزگارتان بوو ئیتر ئێوە سەربەست و ئازادان. شێخ مەحموود حکمداری کوردستانە. لەسەر فەرمایشی حاکمی گشتی لە بەغدا ئەم مژدەیەتان دەدەمێ»[٤] ولسنی حاکمی گشتی عێراقیش هەر بۆ زیاتر هێورکردنەوەی رەوشەکە و رەواندنەوەی گومانی کورد لەبەرامبەر ئینگلیزدا بەزمانی فارسی نامەیەکی ئاراستەی شێخ مەحموود کرد. لەنامەکەدا هاتووە: «لە حکومەتی صاحب الجلالەوە فەرمانم پێ درا پێتان بگەیەنم. لەم رۆژانەدا لێ دوانی سەربەستی- استقلال- کوردستان تەواو نەبێت. کورد سەربەخۆ ئێوەیش بە حوکمدار ناسراون»[٥] هەروەها

لەسەرچاوەیەک ئاماژە بەوە کراوە کە خودی مەلیکی بەریتانیا جۆرجی پێنجەم پیرۆزبایی لە شێخ مەحموود کردووە وەک لە نامەکەدا هاتووە «ئێمە تەبریکی سەعادەت و ئیستقلالیەتی کورد دەکەین. ئومێد دەکەین دۆستایەتیمان هەر لەزێدەیی بێت. ئیمزا مەلیکی بەریتانیای گەورە جۆرجی پێنجەم»[٦] ئەدمۆندس لە کتێبەکەی خۆی کورد، تورک، عەرەب باس لە سیاسەتی ئەوسای ئینگلیز لە کوردستان دەکا و دەنوسێ گرنگی دان بە شێخ مەحموود هەربۆ دوورکردنەوەی دەسەلاتی تورک بوو لە ناوچەکەدا... ئەگەر نا حوکمداری یەکەی شێخ مەحموود لە نەزەری ئینگلیز واتای بە خشینی سەربەخۆیی بۆ کورد نەدەگەیاند. ئینگلیز، شێخ مەحموودی وەک نوێنەری خۆی لە کوردستان تەماشا دەکرد[٧] هەروەها لەمەش زیاتر شێخ مەحموود لە دیدی ئینگلیزەوە تەنیا شێخێکی خاوەن عەشیرەت بوو نەک حاکمێکی سیاسی و عەسکەری «دەولەتی کورد»ی لە پاشان وە نەبێ شێخ مەحموودیش لەمە نەگەیشتبێ کە ئەو لە نەزەر ئینگلیز پایەی چەندە. هەروەها گرنگە ئاماژە بە پێکهاتەکەی حوکمداری یەکەی شێخ مەحموودیش بکەین. شێخ مەحموود زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەی لە دەسەلاتداری یەکەی خۆیدا دامەزراندن[٨] ئینگلیزیش ئەمەی بە «خالێکی باش» لە ستراتیژیەتی ئایندەی خۆی لەناوچەکە دادەنا، لە ماوەی حوکمی راستەوخۆی ئینگلیز لە کوردستان دا، مێجەرسۆن لەو کەنالەوە لەگەڵ عەقلیەتی «تەنویری» کوردەکانی سلێمان گەنگەشەی دەکرد.

ئینگلیز، بۆ ئەوەی کۆتایی بە قۆناغی فەرمانداریی ناراستەوخۆی کوردستان بێنی و حوکمی مەرکەزیەت بەسەر کوردستان بسەپێنێ هەنگاوی یەکەم مێجەر سۆنی لەجێ ی مێجەر نوئیل دامەزراند. مێجەر سۆن، لەپێش جەنگدا، بەناوی «میرزا غولام حسین لە هەلەبجە و سلێمانی ماوەیەکی زۆر ژیابوو بەجۆرێ هەتا بەو ناوە ناسیاوێتی لەگەڵ شێخ مەحموودیش پەیداکرد، و[٩] لە ژێر ڕاسپاردەی ولسن، مێجەر سۆن، گرینهاوس و دانلیس خەریک

بوون سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمود دەربهێنن. شێخ مەحمود کە بەناراستەی ولسن کرابووە حوکمداری کوردستان بۆیە نامەیەکی بۆ ولسن نوسی:

«کورد داوای ئازادی ئەکات ئەگەر بەزووبەکی زوو ئەو مافەیان نەدرێتێ من ناتوانم بەڵێنی بەربەستنیان بدەم! جا، بەناوی خۆم و هەموو کوردەوە تکا ئەکەم، کە رەوشتی سیاسەتە ناڕەواکەتان، و ئەم پیاوە سیاسیانەی ئێستاتان بە پیاوی ژیر و تێگەیشتوو بگۆڕن»[1].

ئیمزا شێخ محمود شوباتی ١٩١٩

بەقسەی ڕەفیق حلمی لە سەردەمی نوئیل وا هیچ کێشەیەک لە نێوان شێخ و نوئیل دانەبووە، بەڵام هەروەک وتمان، لە نەزەری ئینگلیز، بوونی نوئیل لە سلێمانی قۆناغێک بوو، دامەزراندنی مێجەرسۆن بەناراستەی ولسن بووە، چونکە ولسن خۆی یەکێ لەو ئینگلیزانەبووە لە گەڵ بێل باوەڕی بە حکومەت و دەولەتی کوردی نەبووە. لە نەزەری شێخ، پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز لە بەڵێنەکانیان، هیچی بۆ ئەو نەهێشتبۆوە تەنیا ڕاگەیاندنی ڕاپەڕینی ئازادی نەبێ. ئەو سیاسەتەی ئینگلیز وای لە شێخ کرد بە هاوکاری مەحمود خانی دزلی لە ٢٢/مایس ١٩١٩ دەست بەسەر سلێمانی دابگرێ. هەروەها وەک د. میم کەمال ئۆتقە دەنوسێ ساڵی ١٩١٩ بۆ ئینگلیز ساڵی نیگەرانی بوو، چونکە لەو ساڵەدا زۆر گەورە لێپرسراوی ئینگلیز بەدەست کوردان کوژران وەک کوژرانی کاپت بیرسن، کاپتن ئوللی، کاپتن سکۆت، کاپتن بێل[11] ئینگلیز لەرێگای بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی لەلایەک، بێ نیزامی سوپاکەی شێخ مەحمود، هەروەها کاریگەری «خیانەتی کوردی» لەلایەکی تر، بتوانێ دەست بەسەر سلێمانی دا بگرێ و شێخ مەحمودیش بەدیل بگرێ. لە پاش ئەو کاردساتە مێجەر سۆن لە سلێمانی، ئەدمۆندس لە کەرکوک، کاپتن های لە هەولێر و کۆلۆنیل لیچمان لە موسڵ ئەفەرد

سیاسی یەکانی تر، کە داوای حوکمی راستەوخۆیان دەکرد، هەوڵیان دا بیرۆکەی حوکمی مەرکەزیەتی راستەوخۆ بیوژێننەوە[١٢]. ئەو جۆرە حوکمە پێشتر گرویی ئیتحاد و تەرەقی پەیرەویان دەکرد. های وسۆن باوەڕیان وابوو کە فەرمانداری راستەوخۆ تاکە رێگایە بۆ حوکم کردنی کوردستان. بە حوکمی ئەوەی میجەرسۆن کوردی یەکی باشی دەزانی، بۆیە دەستی کرد بەگرنگی دان بەزمانی کوردی و کەلتوری کوردی لە رێگای دەرکردنی هەفتەنامەی «پێش کەوتن» توانی بووی زۆربەی رۆشنبیرانی سلێمانی لە خۆی گرد بکاتەوە بەمەش زەبرێکی تری کوسدەی لە پێگەی شێخ مەحمود دەدا لەناوچەکەدا هەروەها پرۆسەی بە مەرکەزیەت کردنی حوکمی ئینگلیزی لە کوردستان مسۆگەر تر دەکرد[١٣]

١-٢- مێجەر نوئیل و کورد.

پێش ئەوەی مێجەر نوئیل بێتە سلێمانی، لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی دا وەک ئەفسەرێکی هەواڵگری بەریتانی لە ئیران لەناو کوردەکانی بەختیاری دا خەریکی هان دانی خێلەکانی کورد بوو لە دژی ئەلمانەکان[١٤]. ولسنی حاکمی گشتی ئینگلیز لە بەغدا لەباسی کارە خزمەتگوزاری یەکانی نوئیل بۆ دەولەتی بەریتانیا دەنوسێ: «سەرگوزشتە سامناکەکانی نوئیل (مخاطرات ویا مجازفاتی) کتێبێکی زۆر گەورە پڕ ئەکاتەوە..»[١٥] ئەو خزمەتانەی نوئیل بۆ دەولەتەکەی لەبەشی رۆژهەلاتی کوردستان کرد، وای لە ولسن کرد کە ئەمجارە بەرەو خوارووی کوردستان رەوانەی بکات.

هەر لەو پێناوەدا، لە ساڵەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دا، نوئیل توانی بچێتە ناو کۆمەڵگای کوردەوە و پەیوەندی یەکی پتەو لەگەڵ سەرخێل و کاربەدەستانی کوردستان ببەستێت... کەسێکی وەک تۆفیق وەهبی، کە یەکێ لە لایەنگرانی ئینگلیز بوو، خۆی دەرسی کوردی بە مێجەر نوئیل وتووە: لە ناکام فێری کوردی بووە[١٦]. کەسێکی وەک رەفیق حیلمی، کە

ئەوسا لە سلێمانی مێجەر نوئیلی بینیوە لە زۆر بواردا باس لە لایەنە چاکەکانی نوئیل دەکا و هەتا دەگاتە ئەوەی رەخنەیەکی توندیش لە شێخی حوکمدار دەگرێ: «مێجەر نوئیل خۆی ناوی (حاکمی سیاسی) لێ نرا. لە بینایەی (مەکتەبی ئەعدادی) زەمانی تورکەکاندا دا ئەنیشت. لە سنوور بە دەر مەنگ و هێمن و شارەزا بە ئاداب و هەڵسان و دانیشتنی کوردەواری بوو. بێ ئەندازە حورمەتی حوکمداری ئەگرت و بۆ خۆی (کاتب)ێکی بچووک وە یان خزمەتکارێکیشی بەبێ ئەمرو رەزامەندی شێخ مەحموود دانەئەنا.. مێجەر نوئیل خەریکی چارەسازی گرانی و برسیەتی بوو، پەیتا پەیتا لە عەمبارەکانی کەرکوک لە بەغداوە شەکر و چاو و ئاردی سپی ئەگەیاندە سلێمانی، وە بەخۆڕایی بەسەر فەقیر و هەژار و مامورەکاندا بەشی ئەکرد.. نوئیل هەر بەمەوە نەوەستا، بەڵکو روپیە و (بانکنۆت) و قەدەرێکی زۆر لیرەی تورکی ئالتونیشی رژاندە سلێمانی و بەبێ دەس پێوەلەرزین بەسەر رەئیس عەشیرەتەکان و دەستە و دائیرەی حوکمدارا بڵاوی کردەوە..[١٧]

لە پاش ئەوە، لە بەرامبەر دیەسەر هەڵوێستی شێخ محمود کە بە قەد نوئیل خەریکی چارەسەرێکی باری بژێو و سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد نەبوود هەتا ئەگاتە ئەوەی دەنوسێ: حوکمداری کوردستانیش بەپێ ی هەوا ئەچوو بەرێوە. بەرۆژ لەگەڵ تاقمێک نۆکەر و دەستەدایەرە رووی ئەکردە دەشتی (کانیسکان) و بەسەیر و گاڵتە و گەپەوە رای ئەبوارد. بەهیوای ئەوە بوو کە (کات) تا سەر بەم چەشنە بچێت بەرێوە، خوا بە قودرەتی خۆی کوردستانی گەورەی بۆ دروست بکات و ئەویش (تاج)ی حوکمداری بنێتە سەر (سەر)[١٨]!

ئەحمەد خواجەی نوسەر و گەنجینەداری شێخ محمویش هەر لە بارەی نوئێلەوە دەنوسێ:

«لە پاش کۆبوونەوە و لێ دوانێکی زۆر و بەپەسەندی مێجەر نوئیل بریاردرا کە لە کوردستانەوە بۆ ئەوەی لە پاریس شەریف پاشا ببێت بە وێنەر

و نوێنەری کورد، و لە کۆمەڵی ناشتیدا داوای مافی کورد بکات لە سلێمانی یەوە. لەگەڵ نامەی گشتی (مضبطە)دا سەید ئەحمەدی بەرزنجی و رەشید زەکی کابان نێردران.[19]

لە قسەکانی رەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە دەفامرێتەوە، کە میجەر نوئیل کەسی خۆی لەگەڵ ئەوەبووە «کیانێکی کوردی» لەناوچەکەدا دامەزرێ: ئەمەش لەوانەیە بەهۆی چەند ئەگەرێکەوەبێت:

١- نوئێل زۆر خۆ شنوود بووە بەسیفات و نەریتی گەلی کوردەوە.

٢- ئارەزووی لەوە بووە ئەویش ببێتە لۆرانس[20].

٣- دروست بوونی کیانێکی کوردی لەبەشی باکوری میسۆپۆتامیا لەبەرژەوەندی بەریتانیا دایە، چونکە خۆی باوەڕی وابوو کە نابێ عەرەبەکانی عێراق دەسەلاتی موتلەقیان بەسەر کوردستان دا هەبێ[21]

ئەو سێ شیمانەیە لەگەڵ سروشتی رەوشی کاری نوئیل هیچ دژایەتی یەک نانوێنن، چونکە ئەو وەک ئەفسەرێکی موخابەراتی لەناو کورد دا رێز و حورمەتی زۆری گیراوە چ لەناو کوردەکانی باشور یان بنەماڵەی بەدرخانی یەکان. هەروەها لۆرانس کە بە هانای عەرەبەکانی حیجاز هات و دەولەتی بۆ دروست کردن، لۆرانس ناوی لێ نرا «لۆرانسی عەرەب» هەروەها هەر لەهەمان دیدەوە لە نەزەری تورکەکان، نوئیل بە «لۆرانسی کورد» ناوزەد دەکرا. سەبارەت بە ئەگەری سێ یەمیش، کە بەورایەی سەر ئێشەی بۆ بریار دروستکەرانی ئینگلیز و دروستکردووە بۆیە لە نەزەری ئینگلیز نوئیل پێ ی لەبەری خۆی زیاتر راکێشاوە بۆیە دەبێ لەسنوری خۆی بوەستێنرێ[22].

وێرای ئەمانەش، بەنەزەری نوئیل وەک ئەفسەرێکی موخابەراتی بەریتانی بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆی لەپێشەوەی هەموو شتێکەوە بووە هەتا ئەگەر گریمان ئەو ئەگەرانەی سەرەوە هەموو تەعبیر لە خودی رای کەسیی نوئیل بکەن. لەبەرژەوەندی بەریتانیا ئەوسا وای دەخواست کە حوکمی ناراستەوخۆی کوردستان کۆتایی پێ هاتووە و دەبێ ناوچەکە راستەوخۆ

ئینگلیز بەرێوەی بیا، بۆیە هەر بۆ ئەوەی نوئێل بە «کەسێکی چاک» لەناو کوردا بێنێتەوە، ئەوا بەردو کوردستانی باکوریان هەنارد و میجەر سۆن یان لەجی ی ئەو دانا تا ئەوەی نوئیل بیناو کردووە سۆن بەهەندێ بیانوودوە بیروخێنێ. نوئیل لەبارەی رەوشی کوردستانی باکوردوە دەنوسێ:

«ولسن لە سێزدەی حوزەیرانی ۱۹۱۹ پێشنیاریکردبوو کە کوردستانێکی سەربەخۆ لە تورکیا دروست بکرێ بەلاَم لەژێر رکێفی ئینگلیز بێ[۲۳] ئەو بەشەی کوردستان نەکەوت بووە ژێر رکێفی سەربازیی ئینگلیز هەروەها ئەو بەشەی کوردستان کە هەرچەنەبێ لەئەزەری ئینگلیزەوە ترسی بلاَوبونەوەی شیوعیەتی لێ دەکرا. لەمەشدا ئینگلیز بە هەڵەدا نەچووبوون، چونکە مستەفا کەمال کە ئەو ناوچەیەی بەزۆر خستبووە ژێر کاریگەری خۆی و بەجۆرێ لە حکومەتی ئەستەنبۆل یاخی ببوو. سۆڤیەتی یەکان توانی بوویان مستەفا کەمال بۆ خۆیان دەستەمۆ بکەن. میجەر نوئیل-فایەق تاپۆی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەو بەشەی کوردستان لەوێوە لەگەڵ جەلادەت و کامەران بەدرخان بەهەندێ بەشی ئەو بەشەی کوردستان سوڕانەوە بەنیازی دوورخستنەوەی کورد لە تورکەکان و هەروەها سۆڤیەتی یەکان. مستەفا کەمال لە تەموزی ۱۹۱۹ کۆنگرەی ئەرزەڕۆمی بەست و (۳۵) نوێنەری لە ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم بەدلیس و وان و سیواس و تەرابزون بەشداری ئەو کۆنگرەیەبوون[۲٤] پاش ئەوەی کەمالی یەکان جێی خۆیان زیاتر لە کوردستان کردەوە لە ئەیلولی ۱۹۱۹ کۆنگرەیەکی تریان لە سیواس بەست. لە سەرچاوە تورکی یەکاندا، هەر بۆ ئەوەی لەلایەک وا پیشان بدەن کە ئینگلیز لەپەنای شۆرشەکانی کوردە هەروەها بۆ وروژاندنی کوردان بەلای خۆیان لەدژی ئینگلیز بانگاشەی ئەوە دەکەن، کەلەسەر دەمی کۆنگرەی سیواس دا، میجەر نوئیل بەپالپشتی عەشیرەتە هاوپەیمانەکانی (کوردەکان) و هێزەکانی عەلی غالیبی حاکمی ئەرزەڕۆم و پیاوی حکومەتی ئەستەنبۆل بریار بووە هێرش بکەنە سەر سیواس بۆ ئەوەی کەمالی یەکان لە نێو بەرن[۲۵] هەروەها لە بروسکەی فەرماندەی

کەتیبەی سیازدە و هێزە سەربازی یەکانی ناوچەکەدا هاتووە کە مێجەر نوئیل بۆ دروست کردنی پشێوی لە نێوان کورد و تورکدا هاتۆتە ناوچەکە، بەلام نوئیل خۆی لە یاداشتەکەیدا دەنوسێ:

«کوردەکان زۆرباش لەوە گەیشتبوون کە ئەگەر بڕۆن بۆ سیواس و سەرکوتی تورکە یاخی بووەکان (کەمالیەکان) بکەن بۆ کێشەی نەتەوایەتی یەکەی خۆیان هیچ سودێک نابینن»[26] ئەمە تێگەیشتنی کوردەکان بوو، کەچی نوئیل هەتا خۆی وەک خۆی دەنوسێ باوەری بەرێکخستنی کوردەکان نەبووە کە بۆ ئەوەی شەڕ لە دژی کەمالیەکان بکەن، چونکە وەک خۆی دەنوسێ.. من هەرگیز خۆم ناتکێنمە ئەو کێشە و دەنگ و باسانەوە[27]

کەمال ئۆقە لە کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ دا دەنوسێ پاش ئەوەی کوردەکان رازی نەبوون بەقسەی نوئیل شەری کەمالیەکان بکەن ئەوا نوئیل بەتوڕەیی قسەی لەگەڵ عەشیرەتەکان کردووە و پێ ی وتوون: ئێوە هێشتا تورکتان خۆش دەوێت و بێ ئەوانیش هیچتان پێ ناکرێ[28]

ئەمە ڕای ئینگلیز و کەمالی یەکان بوو لەسەر چوونی نوئیل بۆ باکوری کوردستان، بەلام کە لە هەردوو ڕا ورد دەبینەوە هیچ کامیان بێجگە لە تاکتیک هیچی تر نین.

لە کتێبی «الرجل الصنم» کە ئەفسەرێکی تورک نزیک لە مستەفا کەمال نوسیویەتی هاتووە کە ئەفسەرێکی مەزنی ئینگلیز کە برای لۆرد کیرزۆن بووە لە ئەرزەرۆم لەگەڵ مستەفا کەمال کۆبوتەوە، بزاڤەکەی کەمالی یەکان هەربۆ ئەوە بوو هیچ بزاڤێکی میللی لە نێوان کوردەکانی باکور بەرپانەبێ. ئەمڕۆ ئینگلیز دەگەڵ حکومەتی ئەستەنبۆل یەک مال بوون، بۆیە هەر کە بیرسۆن لە (٤)ی نیسانی ١٩١٩ بەدەستی یەکێک لە کوردانی عەشیرەتی گۆیان کوژرا ئینگلیز وێرای ئەوەی بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ گوندەکانی گۆیانی بۆردمان کرد، ئەوا پاشتر فشاریان خستە سەر عوسمانی یەکان تا هێزەکانیان بنێرن بۆ لێدان و کپ کردنەوەی راپەریوەکان بۆیە عوسمانی یەکان هێزەێکیان ناردە

شەرناخ و گۆیان و جزیرە، بەشێکی ترشیان ناردە سەر ئەو عەشیرەتانەی لە نێوان «نیزیب» و «موسڵ» کۆبوونەوە تا ڕێگای پەیوەندیکردن بە عەشیرەتەکانی باکوریان لێ بگرن. لەبەر ئەوەیە ئینگلیزەکان متمانەیان بە تورکەکانیش نەبوو، لەوە دەترسان گەمەیەکی دوو لایەنە بکەن، بەباشیان زانی نوێنەرێکی خۆیان لەگەڵ هەڵمەتەکەدابێت. دوای ئەوەش لە (١٣)ی نیسان شالیاری جەنگی عوسمانی شاکر پاشا، فەرمانێکی بۆ دەسەڵاتدارانی سنوور دەرکرد کە ڕێگای هیچ بزاڤێکی تری کوردستان نەدەن لەدژی ئینگلیز[٢٩]. لە مەدا دەردەکەوێ کە ئینگلیز هەم لەگەڵ کەمالی یەکان هاوپەیمانی هەبوو، هەم لەگەڵ ئیتحادیەکان ئەستەنبوڵ. لەو نێوەش سەرانی کورد لە باکور بوونە دوو بەش هەندێ باوەڕیان بە حکومەتی ئەستەنبوڵ هەرمابوو، بەڵکو بەبڕیارەکانی کۆنگرەی پاریس رازی بێ، بەتایبەتی ئەو کوردانە لە ئەستەنبوڵ بوون هەروەها هەندێ سەرکردەی عەسکەری و عەشیرەتی کوردی کەوتبوونە ژێر کاریگەری قسەکانی مستەفا کەمال[٣٠]
ئینگلیز ئەمانەی هەموو بە «ترس» لەسەر بەرژەوەندیەکانی خۆی دەزانی بۆیە میجەر نوئیلی ناردە ئەو بەشەی کوردستان بۆ ئەوەی «کارێکی وا بکات کورد و تورک هەرگیز نەگەنە یەک و لە یەکتریان دوور بکاتەوە[٣١]. ئەمە و بەدوورنازانرێ کە میجەر نوئیل وەک هەندێ ئەفسەری دی ئینگلیز بۆ ئەوەش چوو بێ بۆ باکوری کوردستان بۆ ئەوەی قەناعەت بە عەشیرەتەکانی کورد بکات ناشووب و ئاژاوە نەنێنەوە، چونکە لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس مافەکانیان دابین دەکرێ. ئاکامەکەش هەروا دەرچوو بەقەد چاوەڕوانی کۆنگرەی ئاشتی، تورکیا و عێراق هەردووک بوونە دەوڵەت و هەریەکە بەشێکی کوردستانی بەهێزی هاوپەیمانەکان بۆ خۆی دابڕی، لە باکوریش لە بریی ئەوەی بەقەی وڵسن کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێ دادگایەکی سەربەخۆ دامەزرا بۆ دادگایی کردنی سەرانی کورد. هەرچی بەشی باشووریش بوو، ئەوا بەبڕیاری ئینگلیز و کۆمەڵەی گەلان کرا بە بەشێک لە عێراق.

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

(١) دێرک کینانی، کوردەکان و کوردستان، لەندەن- ١٩٧٠ چاپی ئینگلیزی؛ س. ج. ئەدمۆندز، کورد، ترک، عەرەب، چاپی عەرەبی.

(٢) بڕوانە، رەفیق حیلمی، یادداشت، بەرگی یەکەم.

(٣) ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی دووەم، سلێمانی ١٩٦٩، ل٧.

(٤) یادداشت، ل٦٠-٦١، چیم دی، بەرگی یەکەم، ل٢٠-٢١، کوردستان فی عهد السلام، ل٣٥-٣٦.

(٥) چیم دی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(٦) سەلام، کوردستان چۆن داگیرکرا و دابەش کرا، هەولێر ٢٠٠ ، چاپی دووەم، ل٨٣.

(٧) یادداشت، بەرگی یەکەم، ل٦٢.

(٨) شێخ مەحموود، سەید عومەری مامی خۆی کردە موتەسەریف، حاجی سەید حەسەنی مامی دووەمی کردە حاکم سەرۆکی دەزگای شەرع، شێخ قادری برای کردە سەرۆکی گشتی سوپا و هێزی چەکدار هەتا سەید عەلیش کرا بوو بە لێوەسەر.. بڕوانە، محمود الدره، القضیه الکردیه، بیروت ١٩٦٦، ص١٣٣

(٩) چیم دی، ل٣١.

(١٠) سەرچاوەی پێشوو.

(١١) د. کەمال نزڵە، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ، هەولێر ٢٠ ، ل٢٣.

(١٢) د. عثمان علی، فتره الحکم المباشر ١٩١٩-١٩٢٠ اداره المیجر سون فی جنوب کردستان، لندن-١٩٩٩، ل٢.

(١٣) سەلام، پێش ئەوەی ئینگلیز دەولەتی عێراق دامەزێنێ حکومەتێکی کوردی لە سلێمانی دامەزراندبوو، برابەتی رۆژی ٢٠٠٠/٨/٢٣.

(١٤) یادداشتەکانی مێجەر نوئێل لە کوردستان، وەرگێڕانی حسێن جاف و حسێن ئێزگەچاری، بەغدا-١٩٨٤، ل٧.

(١٥) یادداشت، ل٦١.

(١٦) سەرچاوەی ژمارە (١٥)، ل٧.

(١٧) یادداشت، ل٦٣-٦٤.

(١٨) سەرچاوەی پێشوو.

(١٩) چیم دی، بەرگی یەکەم، ل٢٢.

(٢٠) سەرچاوەی ژمارە (١٥)، ل٩.

(٢١) د. کەمال نزڵە، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

(٢٣) سەرچاوەی ژمارە (١٥)، ل١٢.

(٢٤) سەرچاوەی ژمارە (٦).

(٢٥) د. کمال، ل٢٠.

(٢٦) سەرچاوەی ژمارە (١٥)، ل٨٠-٨١.

(٢٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

(٢٨) د. کمال، ل٢١.

(٢٩) کامەران مەنتک، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەولەتی و ناوچەییدا ١٨٩٠-١٩٣٢، سلێمانی ٠٠٠ ل٢٤٠.

(٣٠) سەرچاوەی ژمارە (٦).

(٣١) سەرچاوەی ژمارە (٢٩)، ل٢٤٠.

مەسەلەی کورد لە نێوان
مێجەر نوئیل و
ئۆزدەمیر

٢ ـ ٢

ئۆزدەمیر و مەسەلەی کورد
١٩٢٣-١٩٢٢

پێشەکی

گروپی ئیتحاد و تەرەقی لە دە ساڵی حوکمیان ١٩٠٨-١٩١٨ دەوڵەتی عوسمانی یان بەرەو چارەنوسێکی تاریک برد. ئەو گروپە بەناوی «دەستورخوازی» و «مەشروتیەت» توانیان پالپشتی هەندێ لە سەرکردەکانی کورد و گەلانی دی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن؛ بەڵام تەمەنی ئەو پەیوەندی یە دەگەڵ کوردان زۆری نەخایەند، ئەوەبوو هەر لەپاش شوێن پێ توند بوونیان کەوتنە ویزەی سەرکردەکانی کورد و قەدەغەکردنی رێکخراو و یانە و رۆژنامەی کوردییەکانەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەو گروپە هیچ پەیوەست نەبوون بە «ئیسلامەوە» ئەوا لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی دا بەناوی «جیهادی پیرۆز» لە دژی «کافرانی هاوپەیمانەکان» ماڵوێرانی یەکی گەورەیان بەسەر کورد هێنا. ئاکامی جەنگیش بەشکستی ئەوان تەواو بوو. ئاگربەسی مودۆرۆس تەواو دەست بەرداربوونی ئیتیحادیەکانی دەگەیاند لە زۆربەی شوێنە ستراتیژیەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا. هەربەپێ ی ئەو ئاگر بەسە، بێجگە لە سلێمانی، ئەوا شارەکانی دی باشوری کوردستان وەک کەرکوک، هەولێر و موسڵ داگیرکران، بەجۆرێ شاری هەولێر و موسڵ لەدوای ئاگر بەسەوە داگیرکران. حکومەتەکەی ئەستەمبول تەواو شاری ئەستەمبولیشی لەژێر دەستانەبوو. سەبارەت بە کوردستان، ئەوابەشی باشور بەتایبەتی سلێمانی و دەوروبەری بەپێ ی رێککەوتنی شێخ محمود و ئینگلیز حوکمداری یەکی کوردی لێ هەبوو. هەرچی بەشی باکور بوو، ئەوا لە ئاکامی هەرەسی روسیای قەیسەری و سەرکەوتنی بەلشەوی یەکان ئەوا ناوچەکە بۆ شایی یەکی ئیداری لێ دروست ببوو. لەو کاتەدا مستەفا کەمال پاشا لەژێر راسپاردەی حکومەتی ئەستەمبۆل بەرەو ناوچەکە چوو. لەوێ بەهاوکاری عەشائیری کوردی، مستەفا کەمال توانی شوێن پێ ی خۆی بکاتەوە بەتایبەتی لە دوای کۆنگرەی ئەرزەرۆم و سیواس. ئەو دوو کۆنگرەیە، بەرایی بنەماکانی «میساقی میللی» تورکی دارشت. لەپاشان هەر ئەو میساقە

میللی یە بوو بە بەرنامەی ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکی و حکومەتی نەتەەرد.

١-١- ئەگەرەکانی سەرکەوتنی بزافی کەمالی یەکان:

بەحوکمی ژیانی هاوبەشی کورد و تورک بۆ ماوەی چەند سەدەیەک، ئەوا کەمالی یەکان باش عەقلیەتی خێڵەکی کوردیان خوێندبۆوە. ئەو پێکهاتە خێڵەکی یەی عەقلیەتی عەسکەری ئەوسای کوردی، کە بەرژەوەندی کەسیی خێڵی لە پێشەوەی بەرژەوەندی باڵای نەتەوە دا دەنا، دەستەمۆکردنی کارێکی دژوار نەبوو. ئەمە و نسکۆی شۆرشی شێخ و دەرەبەگەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا زیاتر وای لە سەرکردە خێڵەکی یەکانی باکور کرد کە هاوکاری کەمالی یەت بکەن. ئەمە و سەقامگیرکردنی بنکەی «شۆرشی کەمالی یەت» لە کوردستانی باکور فاکتەرێکی سەرەکی بونیادنانی بزافێکی نوێ بوو لە ناوچەکەدا. دینە مۆی بەرایی ئەو بزافەش «دین» بوو، چونکە لەلایەک ئینگلیز و فەرەنسا زۆربەی دەوڵەتی عوسمانی یان داگیرکردبوو، هەروەها یۆنانیش هەر بە ئاراستەی هاوپەیمانەکان توانی بووی ئەزمیر داگیر بکات[1] ئەو هەموو هێزەش «غەیرە دین» بوون، بۆیە بە گوێرەی عەقلیەتی ئەوسا «پاراستنی دین» لە پێش «رزگاری نەتەوە» بوو. بەو پێودانگە دیاگۆژی یە کەمالی یەکان توانیان بە تەواوی متمانەی سەقامگیربوونی خۆیان بۆ ئایندە مسۆگەر بکەن. فاکتەری کورد ئەوسا تەواو لە بەرژەوەندی کەمالی یەکان دا بوو، بەلام وەنە بێ کەمالی یەکان توانی بیان تەنیا کورد بۆ لای خۆیان کێش بکەن بەڵکو توانیان سۆڤیەتیش بۆ لای خۆیان کێش بکەن. سۆڤیەت زەنی وا بوو کە کەمالیەت بزافێکی «ئەنتی ئیمپریالیزمی» یە، دەکرێ وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی سنوری دەوڵەتەکەیان بەکاریان بێنن. ئەمە و زۆر را هەیە کە کەمالی یەکان دەسکردی ئینگلیز بن، ئینگلیز دروستی کردبن بۆ ئەوەی بیانکەن بە ئامرازێک کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی یان پێ یەکلا بکەنەوە[2]. لەو باوەڕەیەوە ئیسماعیل بەشکچی دەنووسێ:

«لە ساڵانی ١٩٢٠ کێشەی کەمالیستەکان لەگەڵ ئینگلیزەکان لە سەرزەوتکردنی پارچەیەکی گەورەتر بوو لە کوردستان. ئەم کێشەیە

کێشەیەکی کۆلۆنیالی بوو، ئەم کێشەیە لە سەر بە تورک کردن و کۆلۆنیالیکردنی کوردستان بوو. بۆیە کێشەی کەمالیستەکان هیچ ناوەڕۆکێکی دژ بە کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستی نەبوو»[٣]

ویڕای ئەمەش، سۆڤیەت یەکەم دەولەت بوو نوێنەری کەمالی یەکانی لە باکۆ پێشوازی کرد و دانی بەو بزاڤە نا[٤] لەمەش زیاتر لە سالانی ١٩٢ چەک و تەقەمەنی یەکی زۆری بە کەمالی یەکان دا[٥] ئەو سیاسەتەی ئەوساش لەبەرژەوەندی کەمالی یەکان دا بوو. بەلام لەسەر حیسابی خەباتی رزگاریخوازی کورد و ئەرمەن بوو[٦] ئەمە و رەفیق حیلمی لە یاداشتەکەیدا ئەو ئەگەرانەش دەخاتە روو کە رۆلی گرنگیان بینیوە لە سەرکەوتنی کەمالی یەکاندا:

١- جیابوونەوەی فەرەنسا و ئیتالیا لە سیاسەتی ئینگلیز کە دەربارەی تورک و یۆنان لەسەری ئەرۆیشت.

٢- دەرچوونی لەشکرەکانی فەرەنسا لە چەند ولایەتێکی داگیرکراوی تورک و بەجێ هێشتنی ئەم ویلایەتانە بۆ لەشکرەکانی مستەفا کەمال.

٣- بەجێ هێشتنی چەکەکانی لەشکری فەرەنسا لە کلیکیا بۆ لەشکری مستەفا کەمال بەبێ پوول و پارە.

٤- یارمەتی سیاسی و ئەدەبی ئیتالیا بۆ تورکیای تازە و فرۆشتنی چەکی جەنگی بە حکومەتی مستەفا کەمال[٧]

ئەمە و بێ دەسەلاتی و بێ هەیبەتی حکومەتی ئەستەمبول لە ئاست داگیرکاری بەریتانی و هەروەها کەوتنی وەزارەتی وەنیزەلوسی سەرەک وەزیرانی یۆنان و هاتنی قوستەنتین پاشا ئەگەری دی بوون تەواو لە بەرژەوەندی کەمالیەت دا بوون. هۆکاری کوردی و هاوکاری ماددی و مەعنەوی سۆڤیەت و فەرەنسا و ئیتالیا وایان لە کەمالی یەکان کرد کە بتوانن هەم کۆتایی بەداگیرکردنی یۆنانی لە ئەزمیر بێنن هەم دەست بەسەر ئەستەمبوڵ دا بگرن. لە پاشان مستەفا کەمال لە مەراسیمی کردنەوەی ئەنجومەنی بالای تورکی دا لە ئامانجی ستراتیژی کەمالیەت دواو جەختی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ سوپای کەمالی یەکان بنێردرێ بۆ ئەو ناوچانەی لە میساقی میللی دا بە بەشێک لە تورکیا دانراون لە وتاردکەی دا مستەفا

کەمال وتی: ئامانجی یەکەم و سەرەکی ئێمە ئەوەیە سنوری خوارووی خۆمان دیاری بکەین کە لە باشووری ئەسکەندەرۆنەوە بەرەو رۆژهەلات دەست پێ دەکات، کە وابێ سنوری دەولەتی ئێمە موسڵ و سلێمانی و کەرکوک دەگرێتەوە، ئەوە سنوورە نیشتمانی یەکانی دەولەتی ئێمەن[٨] هەر لەبەرایی کەمالی یەکان داوای گەراندنەوەی باشوری کوردستانیان دەکرد، هەر لەو روانگەوە یەکێ لە ئەفسەرانی تورک بەناوی «فازل ئەفەندی» بەناو بەشی کوردستانی ژێر دەسەلاتی سمایل ئاغا -سمکۆی شکاک- هاتە رەواندز[٩]. هاتنی ئەو هێزەی سەربازی یەی تورک، ئینگلیزی هەراسان کرد و دەستی کرد بە تۆپبارانکردنی رەواندز و دەوروبەری.

١-٢- رەوشی باشوری کوردستان بەر لە هاتنی نۆزدەمیر:

لە پاش ئەوەی ئینگلیز بەزەبری هێز و خیانەتی (مشیری حەمەی سلێمانی)، و هەندێ لە خزمانی شێخ محمود توانی دەست بەسەر سلێمانی دا بگرێتەوە. بیرۆکەی «راستەوخۆ حوکمی کردنی» ناوچەکەی پەیرەوکرد[١٠] کەسێکی وەک مێجەر سۆن توانی بە دبلۆماسیەتی خۆی لە رێگای رۆژنامەی «پێش کەوتن» بزاڤێکی رۆشنبیری لە سلێمانی بەرپابکا و زۆر لە نوسەر و رۆشنبیرانی ئەوسا لە خۆ نزیک بکاتەوە، بەلام سیاسەتی داگیرکارانەی ئینگلیز نەیتوانی هەموو سەرکردەکان دەستەمۆ بکات، ئەگەر چی توانی شێخ عبدالکریم و سەید تەهای شەمزینی لە بەرەی دژ بە رەوتی شێخ محمود کۆبکاتەوە، بەلام دوایێ بۆ ئینگلیزیش دەرکەوت کە کەسانی وەک شێخ عبدالکریم و سەید تەها و هەندێ سەرەک خێلی دی ناتوانن کۆمەلی کوردەواری رازی بکەن[١١] لە دەڤەری بارزان یش لەنێوان ئەفسەرانی ئینگلیز و شێخانی بارزان کێشە هەبوو، بەجۆرێ هەر لە پاش راپەرینی شێخ مەحمود، لە یەکی تشرینی دووەمی ١٩١٩ لە گوندی «بیرا کەپرا» لە نێوان شێخانی بارزان و ئینگلیز رووبەرووبونەوە رویدا[١٢] تورکەکانیش هەر بۆ ئەوەی پیلانەکانی ئینگلیز لە باشور سەرنەگرێ و ئەوان خۆیان دەست بەسەر ناوچەکەدابگرن، ئەوا ئەوانیش لە باکور خەریکی جۆشدانی کوردان بوون لە دژی ئینگلیز لە زستانی ١٩١٨-١٩١٩ ئەنوەر پاشا هاتە وان هەندێ دیدار

و پەیوەندی لەگەڵ ئاغا و ریش سپیانی ناوچەکە کرد بۆ ئەوەی لە دژی ئینگلیز بەکاریان بێنێ[١٣]. ئینگلیزیش لەرێ ی خۆیەوە بەدوای ئەو سەرەک خێلانە دەگەڕا کە گوێ رایە لێ سیاسەتی ئینگلیز نەبوون. لەمەش زیاتر، بۆ ئەوەی کێشە لە نێوان ئاشوری و کوردان بنێتەوە، ئینگلیز بەبیانووی گەراندنەوەی ئاشوریەکان بۆ ولاتی خۆیان، ئەوا ئەو ئاشوریانەی لە دژ بارزانی یەکان بەکارهێنا، لە ئاکامیش زەرەر و زیانێکی رۆحی و ماددی زۆر بەبارزانی یەکان کەوت[١٤]. لە راپۆرتی بەریتانیا بۆ کۆمەڵەی گەلان ١٩٢-١٩٢٣ هاتووە کە ئەو کارەی ئینگلیز وای لە کوردان کردووە کە باوەڕیان زۆر کەمتر بێ بە ئینگلیز.

بەمجۆرە پەراگەندەبوونی هەندێ سەرەک خێلەکانی کورد و نانەوەی ئاژەوەی بەردەوامی ئینگلیز لە دەڤەری پشدەر و سلێمانی و بارزان، دەرفەتێکی لە باری رەخساند بۆ ئەوەی تورکەکان جارێکی تر بە «سیاسەتێکی تر» بتوانن کوردان بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی خۆیان دەستەمۆ بکەن.

١-٣- هاتنی ئۆزدەمیر بۆ باشوری کوردستان:

١-٣-١- کەسایەتی ئۆزدەمیر:

ئۆزدەمیر ئەفسەرێکی کەمالی بوو. ناوی خۆی عەلی شەفیق بوو. بەرەگەز لە چەرکەسی یەکانی میسر بوو. دەرچووی ئەکادیمیای عەسکەری بوو. پلەی بوو بە کۆلۆنیل. د. کەمال مەزهەر لە بارەیەوە دەنوسێ: «ئۆزدەمیر پاشا ئەفسەرێکی گەورە و لێهاتووی تورک و لایەنگری مستەفا کەمال بوو. ئۆزدەمیر نازناوی بوو. ئەگینا خۆی ناوی عەلی شەفیق و بەرەگەز میسری بوو»[١٥] سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئۆزدەمیر لە حوزەیرانی ١٩٢٢ هاتۆتە کوردستان. رەفیق حیلمی لە بارەی کەسایەتی ئۆزدەمیر و کروپەکەیەوە دەنوسێ: لە ڕواڵەتدا خۆی زۆر بە دیندار نیشاندەدا ئەوەی لە گەلی بوون نەک لە «مەفرەزە»یەکی عەسکەری بەڵکو زۆرتر لە کومەڵە «چەتە»یەک ئەچوون، لە چوار پێنج زابت و چەن ئەفەرێکی تورک بەولاوە ئەوانیتری ئەم چەتەبە هەموو کورد بوون. لە خەلقی کەرکوک و هەولێریش هەندێکیان لەوانە لەگەڵ

بوو کە بەتورکی خۆیان قسەیان ئەکردو نەیان ئەزانی کوردن و یان وایان بەجوان ئەزانی کە بێن بە تورک ئۆزدەمیر بەراستی زیرەک و خوێندەوارێکی وریا بوو. تەبیات و سروشتی کوردەکانی ئەزانی و لە دەستوری عەشایەری دا ئاگەداری هەبوو. لە سیاسەتی هەڵسووراندنی عەشایەرا گەلێ لە حاکمی سیاسی یەکانی ئینگلیز باشتر سەرکەوتبوو تەبیات و میزاجی سەرەک عەشیرەتەکان تێ گەیشت بوو و زۆری ئەو سەرەکانەی کرد بوو بە «ئەموسیلە»ی دەستی جگە لەمانەشی لە یارمەتی ئەهالی و عەشایەری ئەو ناوەدا چ بەچەک و چە بە ئازووقە و پارە لە ئینگلیزەکانی تێ پەڕاند بوو(١٦).

ئۆزدەمیر بە جۆرێ کاری لە عەقلیەتی عەشایەری کورد بوو، بەجۆرێ کەسێکی وەک صالح زەکی -کە فەرماندەی گشتی و ڕەهبەری جەنگی چەتەیی سوپایی و عەشایەری کورد بوو لە بەردەم شێخ محمود لە پێشوازی کردنی ئۆزدەمیردا ئەستێرە و تاجەکەی سەرشانی (نیشانەکانی کوردستانی)ی کردەوە و خستیە گیرفانی(١٧).

١-٣-٢- ئامانجی ستراتیژی ئۆزدەمیر لە کوردستان:

کەمالی یەکان باوەڕیان بە «ئەنجومەنی میللی» هەبوو بۆ ئەوەی سیاسەتەکەیان لە ناوچەکە بسەپێنن. هەروەها بە حوکمی ئەوەی ململانێی ئینگلیز و کورد بێجگە لە چوارچێوە کۆلۆنیالی یەکە، ئەوا ململانێ یەکی لە ڕواڵەتدا «دین»یش بوو. ئەو فاکتەرە زۆر لە بەرژەوەندی کەمالی یەکان بوو. لە ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی روسیا دا نامەیەکی کۆکس هەیە بۆ چەرچڵ بە مێژووی ١٩٢٢/٥/٥ (بەواتای پێشهاتنی ئۆزدەمیر) باس لەوە دەکا کە کەمالی یەکان دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی چەند بڵاوکراوەیەک بەناوی «بەیاننامەی یەکێتی ئیسلامی» ئەو بەیاننامەیە دژ بە شا فەیسەل بوو. لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە «دەسەلاتی فەیسەل» شەرعی نی یە دژ بە بنەماکانی خەلافەتە... سەرۆکی بەرەی «جەزیرە» داوا لە کوردان دەکات بۆ «جیهادی پیرۆز» لە دژی ئینگلیز شەر بکەن هاوکات دەگەڵ ئەو بەیاننامەیەدا، ئۆزدەمیریش نازناوی «سەرۆکی راپەرینی نیشتمانی» لە خۆ

نابوو[١٨] ئەحمەد تەقی، کە ئەفسەرێکی یەدەکی سوپای عوسمانی بوو[١٩]، یەکێ لەو کوردانە بوو کە کەوت بووە ژێر دیماگۆژیەتی کەمالی یەکان، لەیاداشتەکەیدا دەنووسێ هەر کە ئوزدەمیر گەیشتە رەواندز بەپێی دەستوری ئەو کاتەی کەمالی یەکان «ئەنجومەنی میللی» دروست کرا بۆ ئیدارەکردنی شار بەم جۆرەی خوارەوە:

١- شێخ رەقیب- سەرۆکی ئەنجومەن.
٢- ئەحمەد تەقی- جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.
٣- شێخ ئەمین- ئەندامی ئەنجومەن.
٤- شێخ جەوادی سەلان- ئەندامی ئەنجومەن.
٥- غفور خانی سەرچیا- ئەندامی ئەنجومەن.
٦- خدر ئاغای سەرچیا- ئەندامی ئەنجومەن.
٧- ئەحمەد بەگی بکۆگ- قائیمقامی رەواندز.
٨- نوری باوێلی ئاغا- قوماندانی ژاندرمە.
٩- شەوکەت ئەفەندی- سەرۆکی شارەوانی.

هەموو تەشکیلاتی هێزی میللی رێکخراو، چەک و جبەخانەیان بەسەردا دابەشکرا[٢٠]. پێ رەش لە کتێبی «العراق دولە بالعنف» باس لە کاریگەری پرۆپاگندەی تورکەکان لەسەر گوندییەکان و رەش و رووتی کورد دەکا، بەڵام هەریەک لە رەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجەی نوسەر و گەنجینەداری شێخ محمود وا باس لە کاریگەری دبلۆماسیەتی ئۆزدەمیر دەکەن کە بەجۆرێ ناوچەی رەواندز و کۆیە و رانیە بوونەتە شوێنی ئەو کەسانەی دژە ئینگلیزن. کەسانی وەک (تاهیر ئەفەندی ئەمینی سەرکاتبی ملوکانە و سەید عەبدوللای حاجی سەید حەسەنی ئامۆزای شێخ محمود و ئەحمەد تەقی ئەفسەری یەدەکی سوپای عوسمانی، سەید رەزا ئەفەندی یوزباش لە سوپای عوسمانی، سەید رەئوف ئەفەندی و زۆر پیاوانی تری ناسراو دەست رۆیشتوو لە تورک خواهەکانی ناوچەکەبوون[٢١] ئەو کەسانەی لایەنگری تورک بوون بە تورک خواز یان جل خوار ناسراو بوون، ئەوانە رەواندزیان کردبوو بە پەناو بە هێلانەی هیوا. لەمانە هەندێکیشیان بەتەواوی بوون بە خزمەتکاری (ئۆزدەمیر) و بۆجی بەجێ کردنی مەبەستی تورکەکان کەوتنە هات و چۆ.

بەنهێنی و یا ئاشکرا ئەهاتنە سلێمانی و کۆیێ و رانیە و هەولێر و کەرکوک، بەناو عەشایەرا ئەگەڕان و ئەچوونەوە رەواندز نامە و بەیان و راسپێری «نوزدەمیر»یان بەم خەلقەوە ئەگێرا و باس و هەواڵی شارەکان و عەشایەریان بۆ «ئۆزدەمیر» ئەبردەوە[٢٢]

عەشیرەتی جەباری لە نزیکی چەمچەماڵ لە دژی ئینگلیز راپەرین لە باشان عەشیرەتی هەمەوەندیش راپەرین و دوو ئەفسەری ئینگلیزیان کە کاپتن مکند و بوند بوون کوشت[٢٣] کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرەک عەشیرەتی هەماوەند لە پاش کوشتنی ئەو دوو ئەفسەرە و «غەفور خەجێ»ی پیاوی «بۆند» بەرەو رەواندز چوو. رۆڵی عەباسی محەمەد ئاغاش لە پەوکردنی دەسەڵاتی ئۆزدەمیر لە کوردستان لە کەریمی فەتاح بەگ کەمتر نەبوو. عەباس ئاغا قەزاکانی رەواندز و رانیە و بەشی زۆری پشدەری بەرێوەدەبرد[٢٤]

لە ژێر فشاری ئۆزدەمیر و خێلەکانی کورد، ئینگلیز ناچاربوو لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٢٢ لە رانیە بکشێتەوە. پێشرەوی ئەو هێزە بەرەو قوڵایی باشوری کوردستان دەچوو[٢٥] بە گوێرەی ئەدمۆندز خۆی هێزەکانی ئۆزدەمیر و کورد لە ئەیلولی ١٩٢٢ گەیشتە دەوروبەری سلێمانی. لە بەرامبەر ئەو هێرشەدا، ئینگلیز بڕیاریدا دەسبەجێ سلێمانی چۆڵ بکا، هەر بەو بۆنەیەو، لە یەکی ئەیلولی ١٩٢٢ فڕۆکەیەکی بەریتانی لە نزیک سلێمانی نیشتەوە بۆ ئەوەی کاربەدەستە مەدەنی و عەسکەری یەکانی رزگار بکات و لە پاش خۆی خەزێنە و ژمارەیەکی زۆری تفەنگ و کەرستەی سەربازی بەجێ هێشت. ژەنیرال فریزەر شیمانەی هێرشێکی هاوبەشی کوردی و تورکی بۆ سەر هەولێر و ئاکرێ لە یەک کاتدا دەکرد[٢٦] ئەو داگیرکردنە ناراستەوخۆیە کەمالی یەکان، ئینگلیزەکانی ناچار کرد کە جارێکی تر بیر لە حوکمی ناراستەوخۆی کوردستان بکەنەوە، ئەویش بەگەڕاندنەوەی شێخ محەمود. ئەدمۆندز لە کتێبەکەیدا بەراشکاوی دان بەوە دەنێ کە مەبەست لە گەڕاندنەوەی شێخ محمود تەنیا بۆ بەرپەچ دانەوەی پێشرەوی تورک بووە لە ناوچەکەدا. ئەوەبوو ئینگلیز بەناچاری شێخ محمودیان گەڕاندەوە و بەڵێنیان پێ دا کە دەیکەنەوە بە حوکمداری کوردستان. لە کۆتایی ئەیلولی ١٩٢٢ شێخ محمود بە یاوەری

میجەر نوئیل گەرایەوە سلێمانی. لایەنگرانی شێخ محمود هاتنەوەی شێخیان بە سەردتای «سەربەخۆیی» کوردستان دادەنا، میجەر نوئیل یش وەک راوێژکار تەماشایان نەدەکرد بەڵکو وەک «کۆنسوڵ»یک لە نێوان شێخ و کۆمیساری باڵا لە بەغدا. شێخ محمود لە (١)ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ لە رۆژنامەی بانگی کوردستان ژمارە (١٠) ناوی سەرەک وەزیر و وەزیرانی حکومەتی نوێ ی کوردستانی بە مجۆرە راگەیاند[٢٧]:

١- عبدالقادر سعید- سەرۆک وەزیران و سوپا سالار.
٢- شێخ محمد غریب- وەزیری ناوخۆ.
٣- میر لیوا مستەفا پاشا- وەزیری مەعاریف.
٤- عەبدولکەریم عەلەکە- وەزیری دارایی.
٥- شێخ عەلی ئەفەندی- وەزیری شەرع و داد.
٦- ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ- وەزیری گومرک.
٧- سەید ئەحمەد بەرزنجی- وەزیری ئاسایشی گشتی.
٨- میر لیوا صدیق پاشا- وەزیری پشکێنەری گشتی.

لەگەڵ راگەیاندنی حکومەتدا، شێخ نازناوی «حوکمدار» بۆ خۆی هەلبژارد، بەلام پاش مانگێک نازناوی «مەلیک»ی لە خۆ ناو پارە و پولی دەرکرد و کەوتە کۆکردنەوەی باج و زمانی کوردی کردە زمانی رەسمی «حکومەتی کوردستان» و دەزگای رۆژنامەگەری کوردی دامەزراند[٢٨] بەلام کەس- نە بریتانیا وە نە تورکیا دانیان بەو حکومەتە نەنا. ئینگلیز و بەغدا چاوەرێ ی ئەوەیان لە شیخ دەکرد کە سوپای نوزدەمیر لە کوردستان بەدەرینێ میجەر نوئیل دەیەویست هەرسێ سەرکردەی کورد شیخ محمود و سمکۆی شکاک و سەید تەهای شەمزینی لە بەرەیەک لە دژی تورکەکان کۆبکاتەوە، بەلام هەر یەک لە شیخ محمود و سمکۆ رازی نەبوون بەبێ مەرج لە دژی تورک بجەنگن. هەرچی سەید تەها بوو لە مانگی یازدەی ١٩٢٢ بە هێزێکەوە هێرشی کردە سەر سوپای نۆزدەمیر لە رەواندز، بەلام هێرشەکەی فەشەلی هێنا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەیبەتی مەلیکی کوردستان زێتر ببێ[٢٩]. شێخ هەر داوای لە ئینگلیز دەکرد کە دان بە مەملەکەتەی بنێن و ئازادی و سەربەخۆیی کورد بسەلمێنن بۆ ئەوەی تورک لە ناوچەکە دەربکەن. لە

۱۹۲۲/۱۱/۱۵ میجەر نوئیل نامەیەک بۆ شێخ محمود دەنێرێ و دەنوسێ: لەگەڵ کۆمیساری باڵا ئاخاوتم بۆم دەرکەوت، کە ئێستا ناتوانرێ بابەتی سەربەخۆیی کوردستان دیماهی پێ بهێنرێت، ئەگەر شا فەیسەل و حکومەتی عێراق رازی نەبن[۳۰] ئەحمەد خواجە و رەفیق حیلمی- کە دوو کەسی نزیک شێخ بوون- دەنووسن هەتا شێخ تەواو لە ئینگلیز بێ ئومێد نەبوو بەڵێنی نەدا کە هاوکاری ئۆزدەمیر بکا. تورکەکانیش وەک د. کەمال مەزهەر دەنووسێ: لەگەڵ شێخ محمود دەستپاک نەبوون، دەیانویست بیکەنە داردەستێک بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی خۆیان[۳۱] هەر بۆ فریودانی رای گشتیش، وەک کۆمیساری باڵای بەریتانی لە نەستانە لە سەرچاوەیەکی باوەرپێکراوە دەنوسێ کە لە ۲۹ی مارتی ۱۹۲۲، لە نێو ئەنجومەنی باڵای ئەتەوایەتی تورکی، گفتوگۆ لەسەر دۆزی کورد کراوە. لیستێکی یاسایی کارگێرێتی تورک بۆ کوردستان دانراوە، ئەو لیستەیە بەندی تایبەتی تیابووە بۆ ئەوەی کورد خۆی بەرێوەبەرێ و زمانی کوردی ببێتە زمانی فێرکردن بەو مەرجەی ئەمە نەبێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی کورد لە ئایندەدا داوای سەربەخۆیی تەواو بکەن[۳۲]. هەر لەسەر ئەو بنەمایە، ئۆزدەمیر مامەڵەی دەگەڵ شێخ محمود دەکرد. لەو نامەیەی کە ئۆزدەمیر لە ۱۹۲۲/۱۱/۳ بۆ شێخ محمودی ناردووە، نوسیویەتی: بۆ ئەوە هاتووین و تێدە کۆشین کە تا سنوورەکانی شاخی حەمرین بگرین، ئەو جێگایانە داگیردەکەین کە بە ولاتی تورک دەژمێردرێت و لە دەستووری میللی تورکدا نیشان دراوە[۳۳]. بەر لەو مێژووەش، هەر پێش ئەوەی شێخ محمود بگەرێتەوە سلێمانی، ئۆزدەمیر لە نامەیەکدا تەواو ئامانجی ستراتیژی خۆی لە باشووری کوردستان بۆ شێخ قادری برای شێخ محمود دەردەبرێ:

«شێخ، دەبێ باش بزانن لیستی ئەو خاکانەی کە لە پەیمانی میللی (میثاقی میللی) مان دانراوە، نابێ لەژێر چنگی پێگانەدا بمێنێتەوە من بۆ ئەوە هاتوومەتە کوردستان ئەم راستەقینە لە برا خۆشەویستەکانی ئێمە و هاوپەیمانەکانمان بگەیەنم، تا وەکو کوردەکانی برای دین و دۆستی دێرینمان ئەبنە گوری سیاسەتی ئینگلیزە ناپاکەکان و بەهاندانی ئەوان کۆسپ و ئەگەرە ئەخەنە ریگامان»[۳٤]

ئەمە و وەک وتمان، مستەفا کەمال هەر لە مەراسیمی کردنەوەی ئەنجومەنی بالآی نەتەوایەتی تورکدا بەراشکاوی رایگەیاند کە ویلایەتی موسڵ بەشێکی جیانەکراوەی ولآتی تورکە. باری ئاشوب و ئاژاوەی پاشەکشەی ئینگلیز لە رانیە و سلێمانی و دەوروبەری، ئۆزدەمیری هاندا کە بەرنامەی پەیمانی میللی سەباردت بە باشوری کوردستان بە شێخ قادر رابگەیەنێ:

«لەبەر ئەوەی سەرپاکی ولایەتی موسڵ خراوەتە ناو پەیمانی میللی تورکەوە، هێزێکی ناپاکی وا بە بیرا نایەت لەناو سنورەکانی میللی ئێمە دا فەرمانرەوایی بکا. تا ئیمڕۆ لەشکرە گەورەکانی تورک لە بەرەکانی تردا خەریکی لەشکرەکانی دوژمن بوون، نەدەپرژانە سەر ئەم هەرێمانە، ئەوا بە یارمەتی یەزدان بەرەکانی رۆژئاوا لە دوژمن پاک کرایەوە، لەبەر ئەوە لەم کلێزمێرەوە دەست دەکەین بە پاک کردنەوەی ئەم هەرێمە و پشت بەخوا زۆری پێ ناچێ هەر چی ناپاکێک هەیە لە کوردستان، لەگەڵ دوژمنەکان، پاکیان دەکەینەوە»[٣٥].

لە کەرکوک، کۆمەلەیەکی تورکی هەبوو، پیرۆپاگندەی تورکایەتی لە کەرکوک بلآوەدکردەوە، ئەوانە نە بە دەسەلآتی فەیسەلی عەرەبی رازی بوون نە بە دەسەلآتی شێخ محمودی کورد[٣٦] ئەو کۆمەڵەیە ناوی «جمعیەتی مودافعی حقوق» بوو. ئۆزدەمیر پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە بەتین بوو. لە وەلآمی نامەیەکدا لە بارەی شێخ محمودەوە، ئۆزدەمیر دەنوسێ: «من لەگەڵ ئەوەشا کە بە شێخ محمود خۆی متمانەم هەیە باوەڕ ناکەم کە بیر لە خراپە بکاتەوە و یا بەرامبەر ئێمە دلی گۆڕی بێ... زێتر لە راستی و دۆستایەتی بەرامبەر تورک دوانەکەوتوە. هەندێ بێ نیشتمانی خەلکی سلێمانی خەریکن تەفرەی بدەن و بێخەنە سەر بیری دوژمنایەتی لەگەڵ تورک[٣٧] شێخ محمود لە نێوان بەرداشی ئینگلیز و تورکەکان دا بوو. تەواو لە ئینگلیز بێ ئومێد ببوو، دەشی زانی تورک سەربەخۆیی بە کوردان نادەن. بەلآم لەگەڵ ئەوەشا ئامادەنەبوو. بەچۆکدا بێ، بۆیە بڕیاری دا جارێکی تر کە ئینگلیز شەڕی بەسەردا بسەپێنێ، بەرگری بکا و لە خەباتی عەسکەری و سیاسی و رۆشنبیری خۆی لە دەردوەی سلێمانیش بەردەوام بێ. لە ئاست هەلوێستی

شێخ محمود -شەڕ نەکردن لەگەڵ ئۆزدەمیر بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان- لە ١٩٢٣/٢/٢٩ دوو فرۆکەی بەریتانی هاتنە سەر سلێمانی، پڕیاسکەیەکیان فڕێ دا، دوو بۆمبایش بەدواییدا. لە ئاگاداری یەکە ئاوا نووسرابوو:

اعلان بو شیخ محمود افندی
و
خلق سلیمانی

خبرتان بیت کە اگر پێش نیمە رۆژی رۆژی یکشنبە بیست و پێنجم ام مانگە (مطابق بیست و یکم شوال) شیخ محمود افندی ل چمچمال یا لکرکوک دخالت بکات بومباردمان مرکزی سلیمانی اجراء ناکریت بلام اگر حتێ او وقتە دخالت نکات بومباردمانیکی شدید واقع دەبیت»[٣٨]

شێخ محمود و خەڵکی سلێمانی چاوەڕێ بوون ئینگلیز بەیاننامەی ئازادی ڕابگەیەنێ، چونکە پێشتر هەر لەسەر ساڵی ١٩٢٣ هەردوو حکومەتی بەریتانیا وعێراق بەڵێنیان دابوو کە «حکومەتێکی کوردی» لەو شوێنانە دادەمەزرێنن کە لە سنوری باشوری کوردستان دایە[٣٩] شێخ محمود، دەیزانی بچێ بۆ بەغدا بۆ کورد هیچ بە هیچ ناکات هەروەها دەیزانی ئینگلیز جدی یە لە بۆمبارانکردنی سلێمانی دا، بۆیە بڕیاری دا ئاوەندی شار چۆڵ بکات. ئینگلیز سلێمانی لە ١٩٢٣/٣/٢ بۆمبارانکرد، ئۆزدەمیریش لە ١٩٢٣/٤/٢٢ لە ڕەواندز کشایەوە. لەو هێرشەدا ئینگلیز توانی هەندێ لە سەرکردە عەشایری یەکانی وەک ڕەزا بەگ و عبدالرحمن پاشا -کە ئەدمۆندز بە «برادەرە کۆنەکانی خۆی» ناویان دەبا- لە دژی شێخ و ئۆزدەمیر بەکاربێنێ[٤٠]. دەرچوونی شێخ لە سلێمانی و ئۆزدەمیر لە ڕەواندز، لە ڕووی عەسکەری و سیاسی یەوە بە قازانجی شێخ سورایەوە، چونکە وەک ئەحمەد خواجە لە «چیم دی» بەرگی دووەم دەنووسێ «ئەو عەشایەرانەی کۆمەکی ئۆزدەمیر یان کرد بوو لە سەدی (٧٠)ی گەڕایەوە بۆ ناو سوپاکەی کورد و لای شێخ محمود هەتا خودی ئۆزدەمیریش لە نیسانی ١٩٢٣ بە (غفور خان) و سەرۆکێکی تری (ئاکۆ)دوە ئەم نامەیەی نارد بۆ شێخ محمود:

«دەستتان ماچ ئەکەم ئارەزووی بینینتانم هەیە چاوەڕێ ی فەرمانتانم - ئۆزدەمیر»[41]

دوای چوار سەعات کۆبونەوە لە گەڵ ئۆزدەمیر لە ئەشکەوتەکانی شێخ باخ، بریار درا کە ئۆزدەمیر لە کۆیە و رانیە دەکشێتەوە و دەچێتەوە (کانیە رەش). دەرکردنی ئۆزدەمیر لە ناوچەکەدا یەکێ لەو مەرجە سەرەکیانە بوو، کە ئینگلیز داوای لە شێخ محمود دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی شێخ بە شێوەیەکی دبلۆماسی ئۆزدەمیری ناچار کرد، ناوچەکە چۆڵ بکات، ئەوا ئینگلیز لەسەر کاری داگیرکارانەی خۆی هەر بەردەوام بوو تا لە ٢٨/ئایاری ١٩٢٣ بە یارمەتی هەندێ عەشایەری کوردی سلێمانی گرت. رۆژێ دواتر «عبدالمحسن السعدون»ی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەیاوەی هەندێ ئەفسەری راوێژکاری بەریتانی گەیشتە سلێمانی، هەر زوو کۆمیسیاری باڵای نوێ ی ئینگلیز لە عێراق مستر هنری دوبس یش گەیشت[42]

هەر پاش گرتنەوەی رەواندز، ئۆزدەمیر پەیوەندی لەگەڵ هەکاری پچرا و خۆی لە بەردەم هەڵوێستێکی سەربازی حەساس دۆزیەوە، بۆیە پێجگە لە کشانەوە بەرەو ئیران هیچ چارەسەرێکی تری بۆ نەمایەوە. دەسەڵاتدارانی ئێرانیش پاش ئەوەی ئۆزدەمیر و میلیشیاکەیان چەک کرد ئەوجا رێیان پێدان بگەڕێنەوە تورکیا. ئۆزدەمیر لە ١٩٢٣/٥/١ دا گەیشتە وان. ئەو پاشەکشەی ئۆزدەمیر بۆ (وان) کۆتایی بە هەموو چالاکیەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا هێنا[43]. بەمجۆرە ئەو ئۆزدەمیرەی دەیەویست بەزەبری دبلۆماسیەتی خۆی و هێزی عەشایەری کوردی باشوری کوردستان لە «بێگانە» پاک بکاتەوە و بیلەکێنێ بە تورکیا لەبەردەم چەند هێرشێکی ئینگلیز دا بەچۆکدا هات. گرتنەوەی سلێمانی و نەمانی ئۆزدەمیر لە ناوچەکەدا، دەرفەتێکی لە باری بۆ هێزی داگیرکاری ئینگلیز و عەرەب رەخساند کە بیر لە لکاندنی هەموو ویلایەتی موسڵ بە عێراق عەرەبی ئەوە بکەنەوە. لە ئاکام دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە پرۆ پاکندەی کەمالی یەکان لە کوردستانی باکور و ئۆزدەمیر لە باشور لە ماوەی ١٩١٨-١٩٢٣ هەر بۆ دەمکوتردنەوەو، و بێ دەنگ کردنی دەنگی بزاڤی نەتەوایەتی کورد بووە[44]

ئەنجام:

لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا ئەم ئەنجامە بەدەست هێنراون:

١- مێجەر نوئێل و نۆزدەمیر نوێنەری ئینگلیز و تورکیا بوونە بێجگە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی داگیرکارانەی ئینگلیز و تورکیا هیچ مەبەستێکی تریان نەبووە.

٢- نوئێل باوەڕی بە حوکمی ناڕاستەوخۆی بەریتانیا هەبوو لە کوردستان بەواتای کەسێکی وەک شێخ محمود بەرژەوەندی ئینگلیز لە ناوچەکەدا بپارێزێ. هەر کە ئاشکرابوو، کە شێخ (بەشێخاتی» و «ئاغایاتی» ڕازی نی یە دەیەوێ «سەرۆکێکی کورد» بێ خاوەن دەوڵەت بێ، ئەوا ئینگلیز لە «حوکمی ناڕاستەوخۆ» پەشیمان بوونەوە و حوکمی ڕاستەوخۆیان بە پەسەند زانی. هەر کە مێجەر سۆن -حاکمی سلێمانی نەیتوانی عەشایەری کوردی بە دەوری «دەسەڵاتەکەی» خۆی کۆبکاتەوە، لە ئاکامیش هەندێ عەشایەری کوردی بە لای تورک دا چوون، ئینگلیز ناچار بوو شێخ محمود بگەڕێنێتەوە. ئەمجارەش کە شێخ داوای «مەلیکایەتی» کرد، ئینگلیز بڕیاریان دا باشوری کوردستان بە عێراقی عەرەبی بلکێنێ. لە کۆنگرەی لۆزان بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ لە کورد بسەنن، ئەوا ئینگلیز ژمارەی کوردی لەناوچەکەدا زۆر کەم کردەوە و ژمارەی عەرەبی لە خەملاندنی عەرەبەکان زیدەتر کرد.

عەرەبەکانیش چاک دەیانزانی کە باشوری کوردستان بەشێک نی یە لە عێراق، بەڵام لە بەر هۆکاری نەوت و دەسەڵات و هەرەشەی شیعەکانی باشوری عێراق، شان بەشانی ئینگلیز حەبەتیان کرد بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بکەنە بەشێک لە دەوڵەتەکەیان -عێراقی زۆرە ملێ. لەو قۆناغەدا ئاشوریەکانیش تەواو کەوتبوونە ژێر دیاگۆژیەتی بەریتانیا لەلایەک شەڕی کوردیان دەکرد، لە لایەکی تریشدا دەیانگوت موسڵ پایتەختی کۆنی ئاشوریەکانە، بۆیە دەبێ حکومەتێکی ئاشوری سەربەخۆ لە ویلایەتی موسڵ دابمەزرێ.

٣- کەمالی یەکان بزاڤێکی کۆلۆنیالی بوون. لە بنەڕەتدا بزاڤێکی «نادینی» بوون، بەڵام بەناوی دینەوە توانیان جێ پێ خۆیان لە باکور بکەنەوە. هەر کە تەواو کۆنترۆلی باکور و تورکیا یان کرد لە ڕێگای باوەڕی «هەناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ سنورەکانی پەیمانی میللی» گەرەکیان بوو باشوریش بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

٤- نۆزدەمیر دەیەویست «کەمالیەت» لە باشور بڵاوبکاتەوە لەو ڕێگایەش دەست بکا بە کۆلۆنیاکردن و تورک کردنی ئەو بەشەی کوردستان. لە نامەکانی بۆ شێخ قادر و شێخ محمود تەواوی ستراتیژیەتی خۆی ڕوون کردۆتەوە.

٥- ڕازی بوونی نۆزدەمیر بە کشانەوە لە کوردستان ئەو کاتە بوو کە هێزەکەی تەواو لە ژێر فشاری عەسکەری ئینگلیز دا بوو. هەروەها زۆربەی ئەو عەشیرەتانەی پێ ی هەڵخەتابوون گەڕانەوە لای شێخ محمود -بەواتای ئەگەر ناچار نەبا لە کوردستان نەدەکشایەوە.

٦- تورکەکان لە پاش ئەمانی نۆزدەمیر لە باشور دەستبەرداری ئەو ناوچەیە نەبوون، بۆیە لە کۆنگرەی لۆزان بەبیانوی ئەوەی ویلایەتی موسڵ وڵاتی عەرەبان نی یە، ئەوا دەبێ بدرێتە

(٢٠) جەلال تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، بەغدا ١٩٧٠، ل٥٦.

(٢١) سەرچاوەی (١٩)، ل١٤٦.

(٢٢) سەرچاوەی (١٦)، ل٢٧

(٢٣) سەرچاوەی (٩) هەروەها سەرچاوەی (١٦) و (١٧).

(٢٤) سەرچاوەی (١٦)، ب٢٥.

(٢٥) جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، بيروت ١٩٩٢، ص١٢٧.

(٢٦) سەرچاوەی (٩)، ل٢٢؛ رەفیق حیلمی، لاپەرە ٣٢-٣٣ی بەشی دووەمی یاداشتەکانی دا لەو وەختەدا کە تورک و ئینگلیز خەریک بوونە مالی کوردیان ویران دەکرد. ئەو بەراشکاوی رەوشی رۆناکبیری وەک خۆیی و هەندێکی تر ئاوا باس دەکات: «من لەو دەمەدا... لەگەل ماجد مستەفا هاورێ ی مەکتەبم و تۆفیق وەهبی و هەندێ لە زابیتە کوردەکانی تر تازە لە ئەستەمبوول هاتبوونەوە. شەوان لە گەل ئەوانا کۆ ئەبوینەوە. زۆری کۆبونەوەکانمان لە مالی تۆفیق وەهبی رێ ئەکەوت. سەوای دوورودرێژی زستانمان بەسەکاﷲ و باس و هەوالی ئەو رۆژە و بە خوالردنەوە و بەزم و سازندەیی ئەبردە سەرە.

(٢٧) سەرچاوەی (١٩)، ل١١٦

(٢٨) بروانە: بی رەش، ل٣؛ خواجە، ل١١٦؛ رەفیق حیلمی و لازاریف، ل٢٢١.

(٢٩) سەرچاوەی (٩)، ل٣١.

(٣٠) سەرچاوەی (٢)، ل١٥٧

(٣١) سەرچاوەی (١٥)، ل١٢٠؛ هەروەها (٢) ل ١٥٧

(٣٢) سەرچاوەی (٢)، ل٢٠٤

(٣٣) سەرچاوەی (١٦)، ل٥٩٩.

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو ٥٦٥: هەروەها سەرچاوەی (٢)، ل٢٠٢.

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو

(٣٦) سەرچاوەی (٨)، ل١٦

(٣٧) سەرچاوەی (١٦)، ل ٦١٠-٦١١.

(٣٨) سەرچاوەی (١٧)، ل١٤٧-١٤٨.

(٣٩) زۆربەی سەرچاوەکان دەقی ئەو بەیاننامەیان بلاوکردۆتەوە.

(٤٠) سەرچاوەی (١١)، ل٢٣٠.

(٤١) سەرچاوەی (١٧)، ل١٦

(٤٢) سەرچاوەی (٤)، ل٢٣٠

(٤٣) سەرچاوەی (٨)، ل٤٧.

(٤٤) شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، بغداد ١٩٨٩، ص٤١.

پێش ئەوەی ئینگلیز دەوڵەتی عێراقدامەزرێنێ حکومەتێکی کوردی لەسلمانی دامەزاند

لەگەرمەی شەری یەکەمی جیهاندا بەریتانیاو فەرەنسا لە رێگای سایکس وبیکۆ وە نەخشە یەکیان دارشت بۆ دابەش کردنی دەوڵەتی عوسمانی. بەحوکمی بالادەست بوونی روسیا لە ناوچەکەدا ئەواهەریەك لە(سایکس) و(بیکۆ) توانیان (سازانۆف) ی روسیش رازی بکەن بە بیرۆکەی ئەو پرۆژەیە ئەو پرۆژە ئیستعماریە لە مێژودا بەپەیمانی سایکس بیکۆ ناسراوە. بەگوێرەی پەیمانی سایکس بیکۆنەوا ـ سەبارەت بەعێراقی ئەمرۆ۔ باشوروناوەراستی عێراق بۆ ئینگلیز دانرا بورن هەرچی ویلایەتی موسڵ یاخود خواروی کوردستان بوو ئەوابۆ فەرەنسا دانرابوو. بەلام کەئینگلیز بەتەواوی باشورو ناوەراستی عێراقی داگیر کرد هەروەها هەندێ لە خواروی کوردستانی داگیر کردو هەتا گەیشتە ئەوەی لە ١١١٨\١٩١٨ بەواتای دوای ئاگربەس مۆدوروس ١٩١٨\١١\٠٣٠ موسلی داگیر کرد ئەوا مەرامی خۆی لەودا گیرکردنە ئاشکرا کرد.

ئەمەو ئینگلیز هەر پێش پەیمانی سایکس بیکۆش بیری لەوە کردۆتەوە کە دەست بەسەر هەر ناو چەیەکدا بگرێ کەنەوتی هەبێ ، ئەوەتە چرچل هەر لەساڵی ١٩١٣ وتویەتی: دەبێ بین بە خاوەن ئەوت یان هەرهیچ نەبێ دەبێ کۆنترۆلی ئەوەندە ئەوتە بکەین کە دەمانەوێ بونی ئەوت لە ناوچەکەدا وای لە ئینگلیز کرد کە بیر لەوە بکاتەوە فەرەنسای هاو پەیمانی رازی بکات و واز لە ویلایەتی موسڵ بێ. هەر لەو پێوەدانگەوە لە گۆنگرەی سان رێمۆ(لوید جۆرج) ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا توانی (کلیمە نسۆ)ی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا رازی بکات واز لە موسڵ بێنێ ئەوسا کلیمانسۆ نرخی ئەوەی نەدەزانی کە بە بەریتانیای دابوو، بەلام کە زانی لە دەست دانی ویلایەتی موسڵ زیانێکی زۆر گەورە یە بۆ بەرژەوەندیە کانی فەرەنسا ئەواله ٢٢\١ مایسی ١٩١٩ بە لوید جۆرجی وت: ئەگەر بمانزانیایا ئەوشتە ئەوەندە بە نرخە ئەوا قەت دەست بەرداری نەدەبووم

بەم جۆرە ئینگلیربە رەسمی حوکم کردنی هەرسێ ویلایەتی بەسرا و بەغدا و موسلی بۆ خۆی قۆرخ کرد، پێکهاتەی قەومی و مەزهەبی ئەوسێ ویلایەتە تەواو ئینگلیزی هەراسان کردبوو. سەرەتا ئینگلیز بە ناچاری بیری لەحوکم کردنی ناراستەو خۆ کردەوە ، ئەو جۆرە نیزامەی کاتی

خۆی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیو میرەکانی کورد پەیڕەو دەکرد. [illegible]
نزیکەی سێ سەد ساڵ دەوڵەت و میرەکان بێ شەڕ بوون لەگەڵ یەك . لێرەدا دەمێ سەرنجی ئەوە بدەین کە شێخ مەحمود پێش ئەوەی ئینگلیز کەرکوك داگیر بکەن نامەی بۆ سەرانی ئینگلیزی ناردووەو داوای کردوە کەئەو بۆ حوکمداری کوردستان بناسن.

ئەمەش بەڵگەیەکی کۆنکریتیە کەشێخ خۆی داوای لەئینگلیز کردووە کە بە ڕاسپاردەی ئەوان بێ ئەحوکم دارنەك بانگاشەیەی جاران باو بوو کە گوایە شێخ تۆقەی لەگەڵ ئینگلیزنە کردوە ، چونگە ئەوان کافربوون ! لە بەرامبەر ئەوە دا ویلسن خۆی لە یەکی دیسەمبەری١٩١٨ دا چوو بۆ سلێمانیو چاوی بەشێخ و سەرۆك عەشیرەت و پیاو ماقوڵانی ناوچەکە کەوت . لەپاش ئەو دیدارە ویلسن شاندێکی بەسەرۆکایەتی مێجەر نوئێل ناردە سلێمانی بۆ ئەوەی ئیدارەیەکی کوردی بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمود دابمەزرێنێ نوئێل بەزمانی فارسی لەبەردەم خەلکی سلێمانی دانی بە حوکمدار بەتی شێخ مەحمود دانا.

ئەو دەمەی ئینگلیز شێخ مەحمودی کردە حاکمی کوردستان ئەوا میر فەیسەل نەك هەر لە عێراق نەبوو بەڵکو حاکمی سوریا بوو. میر فەیسەل لە ١٩١٨\١٠\٢٢ هەتا ١٩٢٠\٧\٢٥ مسلەکەتێکی لە سوریا دامەزراند بوو ، هیچ گرینگی بە عێراق نەدەدا هەتا هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە خۆی نیەتی باشی بە خەلکی عێراق نەبووە بەڵام هەرکە فەرەنسیەکان لە سوریا دەریان کرد ئەوا ئینگلیز پێشتر چونکە شەریف حسێن پشتگیری ئینگلیز ی کردبوو لە دژی عوسمانیەکان ئەوا بەڵێنی ئەوەی دابوێ کە بیکا بەمیری هەردوو ویلایەتی بەسرا و بەغدا

هەرکە ئینگلیز جێ‌ی پێی خۆی لەناوچەکە قایم کرد بەبیانوی ئەوەی شێخ مەحمود پێی لە بەڕی خۆی زیاتر ڕاکێشاوە ، ئەوا بیریان لەوە کردەوە کەئەمو ناوچەکە لەژێر حوکمی ڕاستەو خۆی ئینگلیز دابێ نەك ناڕاستەو خۆ هەرچی شێخ بوو وارەفاری دەکرد کە حوکمداری هەموو کوردستانە بەتایبەتی خوارووی کوردستان ، بەڵام ئینگلیز بە چاوی شێخ سەرۆك عەشیرەت تەماشای شێخی دەکرد، ئەمە وای کرد بەرژەوەندی ئینگلیز و شێخ دژ بەیەك بوەستن . لە ئاکامدا شێخ لە ئایاری ١٩١٩ لە دژی ئینگلیز ڕاپەری بەڵام لە حوزەیرانی ١٩١٩ دا ڕاپەرینەکە سەرکوت کراو شێخیش لە کۆتایی بۆهیندستان دوور خرایەوە. لەبەشە عەرەبیەکەی عێراقیش دا ئەو عەرەبانەی بە مەزهەبی شیعەن ، چوار قاتی عەرەبەکانی ناوەندی عێراق پێکدێنن ئەو

شیعانەش دەگەل ئێرانیەکان هاو مەزهەب بوون ، هەروەها ئەوەکیی دەوتری شۆرشی عەلی عیراق کە لە حوزەیرانی ١٩٢٠ دا لەدژی ئینگلیز بەرپابوو ، ئەوە خۆی لە خۆیدا شەری شیعەکان بوو لە دژی ئینگلیز ئەو عەرەبانەی بە مەزهەب سونەن ئەوا تەنها لە١٥٪ ی عیراقیان پیکدەهیناو کوردەکانیش ٢٨٪ عیراقیان پیکدەهینا ، بۆیە هەندی سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئینگلیز وەك پالپشتیك بۆ عەرەبەکانی ناوەراستی عیراق ـ کەگوی رایەلی ئینگلیز بوون ـ ولاتی کوردانی کردە بەشیك لە عیراق بۆ ئەوەی هاوسەنگی شیعە لە عیراقدا بەرامبەر سونەکان بی هەروەها بە حوکمی ئەوەی ئینگلیز ئومیدیکی زۆری بە نەوتی عیراق هەبوو ـ بە کوردستانیشەوە ـ ئەوە هۆکاری نەوت پالی بە کەسیکی وەك چەرچل ناوە کەبیر لەوە بکاتەوە هەرسی ویلایەتی بەسرا و بەغدا و موسل لە دەولەتیکدا کۆ بکاتەوە سەبارەت بە کوردان ئەوا ئینگلیز پاش دامرکاندنەوەی راپەرینەکەی شیخ مەحمود ، بە جدی بیری لەوە کردەوە کە راستەوخۆ حوکمی ناوچەکە بکات هەر بۆیە میجەر سۆنی کردە حاکمی سلیمانی و ئەدمۆندی کردە حاکمی کەرکوك و کاپتن های کردە حاکمی هەولیر و کۆلۆنیل لیچمانی کردە حاکمی موسل . بەمەش زیاتر میجەرسۆن بۆ ئەوەی کاریگەری شیخ مەحمود لەسەر رەوتی رووداوەکان لەلای کوردان لاواز بکات ئەوا ((پیشکەوتنی)) دەرکردو روناکبیرانی لەوبلاو کرایەوەنزیك کردنوە وەك وتمان شۆرشی شیعەکانیشی دەمکوت کرد جا بۆیە لە حاکمیك دەکەرا کە حوکمی هەرسی ویلایەت بکات لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ دا کۆمیساری بالا لە بەغدا داوای لە عەبدولرەحمانی نەقیبی پیاو ماقولی بەغدا کرد کە حوکمەتیکی عەرەبی لەژیر راسپاردەی بەریتانیا دا بمەزرینی . دامەزراندنی ئەو حوکومەتەش خۆی لەخۆیدا سەرەتایەك بوو بۆ لکاندنی خواروی کوردستان بەو حوکمەتەوە .بۆ مەیسەربونی ئەو پرۆسیەش ئینگلیز لەمیریکی عەرەبی (سۆنی) دەگەرا.

لەو بارەوەیە وە چەرچل بۆ حوکمەتی لەندەن دەنوسی کە ئەو دەگەل میر فەیسەلی کوری شەریف حوسین وتوویژی کردوە و توانیویەتی میر فەیسەل رازی بکات کەببی بە پادشای عیراق ئینگلیز وای بیچاك بوو کە بۆکاریکی واکۆنگرە یەك لە قاهیرە بەستری ئەوەبوو لە ١٩٢١\٣\١٢ دا بەشداری چل کەسایەتی یاخود چەرچل واتەنی (چل دز) کۆنگرەیەك لە قاهیرە سازدا

کار نامەی قاهیرە ئەم بابەتانەی خوارەوە بوو

١- کەم کردنەوەی خەرجی بەریتانیای گەورە لەعیراق .

٢- باسی ئەوانەی خۆیان بۆتەختی پاشای عیراق پالاوتوە

٣- مەسەلەی کورد.

٤- لەشکری داهاتوی عیراق بریاردراکەبۆ بەپادشاکردنی میرفەیسەل راپرسیەك لەسەرتاسی هەرسی ولات بکری . کوردەکانی سولیمانی بەشداری ئەو دەنگدانەیان نەکرد لەکەرکوك (٤٠) مەزبەتە دەنگیان بە میرفەیسەل دا بەلام (٢١) دژی بوون کوردەکانی کەرکوك دەیانوست حوکمەتیکی کوردی دابمەزری بەلام هەندی خانەوادەی کەرکوکی کەخۆیان بە تورکمان دەزانی ئەوا نە بە میر فەیسەل رازی بوون وەنە بە حاکمیکی کوردی.

هەردوو لیوای هەولیر و موسل ئەوا بەسەر جەوە دەنگیان بەمیر فەیسەل دا . مەرجەکانیش اراستی کوردو کەمینەکان بوو هەروەها بەهۆی بونی کەماسیەکان لە رواندز و رانیە ئەوا ئەو وي نانە بەشداری ئەو دەنگدانە یان نەکرد

پاش ئەوەی لە٩٦٪ دەنگەکان بە پادشایەتی میر فەیسەل رازی بوون ئەوا لۆرانس عەرەب میر فەیسلی راگەیاند کەئەو دەبی بەپاشای عیراق و لەناکاو میر فەیسەل بەپاپۆری بەریتانی BrooNorthلە ١٩٢١\٦\٢٣ دا گەیشتە بەسراو ، لە١٩٢١\٦\٢٩ گەیشتە بەغدا ، ە١٩٢١\٧\١٥ دا ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق دەنگیان بەمیر فەیسەل دا ، پاش ئەوەی میر فەیسەل ازی بوو کە عیراق ببی بە حوکمەتیکی نیابی دیموکراتی و دەستوری ئەوا لە٢٣ی ئابی ١٩٢١ دا اجی پاشایەتی لە شابلۆغانیکی رەسمیدا لەسەری میرفەیسەل نراو ئاکام عیراق بوو بەدەو لەتیك ەلیکی لەپاشان پاش مشتو مریکی زۆر لە کۆنگرەی لۆزان و کۆمەلەی گەلان ،بەزەبری بالادەست ۆونی ئینگلیز کۆمەلەی گەلان لە ١٩٢٥دا بریاری لکاندنی خواروی کوردستانی بەعیراقەوە داو ەرەسمی لە١٩٢٦\٧\١٨ هیلی بروکسل بووە سنوری جیاکەرەوە ی تورکیا و عیراق ، بەلام هەر زنەوەی ئینگلیز جیی پیی لە ناوچەکەدا هەربیی پاش بریاری لکاندنەکە دوو مەرجی لەگەل ریارەکەدانا:

١- عیراق بۆماوەی ٢٥سال لەژیر ئینتیداب بی .

٢- دەبێ ویست و ئارەزووی کوردان لە بەرچاو بگیرێ زمانی کوردی رەسمی بێ لەدادگاو قوتابخانەکان.

هەر چەندەسەرۆك وەزیرانی عیراقی ئەوسا لە وتەیەکداوتی دەبێ مافی کوردان بدەین فەرمانبەر لەخۆیان لەناوچەی خۆیان دابمەزرێنین و دەبێ زمانیان بیتەزمانێکی رەسمی وەدەبێ منداڵەکانیان لەقوتابخانەکانیان بە زمانی خۆیان بخوێنن ،لەسەردەمی پاشایەتی دا مافەکانی کوردبریتیبوون لە دامەزراندنی لەدام ودەزگاکان و خوێندنی بەزمانی کوردی لەهەندێ شوێن هەروەها کورد نوێنەری هەبوو لەپەرلەمانی عیراقیدا ، زۆر جار وەزیری کوردیش لەوەزارەتەك لەدوایەکانی عیراق داهەبوو هێمنی وئاسایش تارادەیەك بەرقەراربوو بەلام هەڵویستی دەوڵەت لەبەرامبەر مەسەلەی کوردا ئەوا هیچ گۆرانێکی بەخۆوە نەدی وئەوان کوردیان بەهاولاتیپلەدوو دەزانی ئامادە نەبوون بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەری مەسەلەی کورد بکەن ، بۆیە هەر لە دامەزراندنی دەولەتی عیراقەوە شیخ مەحمودو شیخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفا ی بارزانی لە پیناو دابین کردنی مافەکانی کورد راپەریوەن

بۆئەم بابەتەسەرچاوانە کراون

١- د. حامدمحمود عیسی المشکلة الکوردیة فی الشرق الاوسط ـ مصر ١٩٩٢

٢- بیت شرنیل الاشورون فی‌الموتمر الصلح باریس ١٩١٩ ـ دهوك ٢٠٠٠.

٣- سەلام ناوخۆش هوکارەکانی لکاندنی ویلایەتی‌موسل ـ هەولیر ٢٠٠٠

٤- گۆفاری الملف العراقی العدد(١٠٤) ئاب ٢٠٠.

ناوەرۆک

- پیشەکی ....
- لەپەیمانی سایکس بیکۆوە..........................
- ریکەوتنامەی سایکس بیکۆیان ....
- پەیمانی سیفەریەکەم پەیمان بوو.......................... ١٤
- پەیمانیلۆزان ١٩٢٣..........................
- پەراویزەکان ٢٧
- مەسەلەی کوردلەنیوان میجەرنوئیل ونۆزدەمیر

بەشی یەکەم

- میجەر نوئیل و مەسەلی کورد.......................... ٣٣
- ئینگلیزو فەرمان رەوایی ناراستوخۆی کوردستان ٣٣
- میجەرنوئیل و کورد.......................... ٣٦
پەراویزەکانی بەشی یەکەم.......................... ٤٢

بەشی دووەم

نۆزدەمیرو مەسەلەی کورد..........................
- ئەگەرەکانی سەرکەوتنی بزاڤی کەمالیەکان ٤٧
- رەوشی باشوری کوردستان بەرلەهاتنی نۆزدەمیر.......................... ٤٩
- هاتنی نۆزدەمیر.......................... ٥٠
کەسایەتی نۆزدەمیر.......................... ٥٠
ئامانجی سترتیژی نۆزدەمیر لە کوردستان.......................... ٥١
پەراویزەکان ٦٠
- پیش ئەوەی ئینگلیز دەولەتی عیرق دابمەزرینی حکومەتیکیکوردی
لە سلیمانی دامەزراند.......................... ٦١